له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

## برای لاوم

# چـــۆن

# بەرەنگاری ئارەزوو دەبیتەوە؟

أخي الشاب كيف تُواجه الشهوة ؟

نووسینی : محمد عبد اللّه الدويش

وەرگێڕانی : باوكی ئەسماء كەلاری

چاپی حەوتەم ١٤٣٥ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێر:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإخلاص وإحسان إلى يوم الدين...

خوێنەری سەنگین, **برای لاوی خوێن گەرمم**, ئەم نامیلکەیەی بەر دەستی بەڕێزتان باس لە پرسێکی گرنگ دەکات کە ئەویش ئارەزو و چۆنێتی بەرەنگاربونەوەیەتی لە قۆناغی لاوێتیدا, کە تێیدا نووسەر بە کورتی باس لە دیارترین زیانەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو دەکات .. پاشان باسی هۆکارەکان و لە کۆتایشدا چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکان دادەنێت, وە سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوە بۆ جاری چوارەمە کە بە چاپ دەگەیەنرێت وە ئێمە بە پێی توانا هەوڵمان داوە پوخت و هەڵە چنی بکەین, داواکارم لە خوای گەورە کە هەمووان بە گشتی و لاوان بە تایبەتی سوودی لێ ببینن و بیکاتە توێشووی دوارۆژ بۆ نووسەر و وەرگێڕ و خوێنەر و هەموو ئەوانەی کە هاوکاری دەکەن لە چاپکردن و بلاّوکردنەوەیدا و زۆر سوپاسی (م. عدنان بارام )یش دەکەین کە پێداچوونەوەی نامیلکەکەی گرتە ئەستۆ .

براتان: فلاح حسن عبدالله (باوکی أسماء)

بسم الله الرحمن الرحيم

**لە نووسەری ئەم نامیلکەیەوە بۆ :**

هەموو لاوێك كە لە تەمەنی هەرزەكاری و ئازارو مەینەتیەكانیدا دەژی .

هەموو لاوێكی دڵسۆز كە تێدەكۆشێت بۆ پاك ڕاگرتنی دەست و دامێنی و هەست بە ترسناكی ئارەزووەكان دەكات .

هەموو لاوێك كە جڵەوی ئارەزووەكانی خۆی گرتووە و هەمیشە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت .

هەموو لاوێكی بێ ئاگا كە هێشتا لە خەوی غەفڵەت بەخەبەر نەهاتووە.

هەموو باوك و دایكێكی دڵسۆز كە هەست بە لێپرسراوێتی پەروەردەكردنی ڕۆڵەكانیان دەكەن .

هەموو باوك و دایكێكی بێ ئاگا لە هەموو ئەو ڕازانەی كە لە مێشك و دڵی ڕۆڵەكانیاندایە .

هەموو بەخێوكار و مامۆستایەك كە ژیانی ئەمڕۆی لاوی ئوممەتی ئیسلامی بەلاوە گرنگە :

السلام عليكم ورحمة الله و بركاته ...

شوكر و ستایشی خـوای پـەروەردگاری جیهانیـان دەكـەم كـە بـە ڕاسـتی تەنها ئەو شایستەی سوپاس و ستایش كردنە نەك كەسی تر.

**بـرام** ئـەم نامیلكەیـەی بەردەسـتان بریتیـە لـە تۆمـاركردنی چـەند بیرەوەرییەكی برای خۆتان ، كە هەمان ئەو ڕۆژانەی ئێوەی بینیوەو هەستی بـەو ململانـێ و زۆرانبازیـەی ئێـوە كـردووە لـە گـەڵ ئـارەزوو [١] و فێـڵ و تەڵەكەكانی شەیتان ، وە لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی كـاركردنی لـە بـواری پەروەردەكردندا ئەوەی بۆ ڕەخساوە كە چاوی بكەوێت بە چەندین لاوی وەك ئێوە وتوانیویەتی درك بە هەندێك لە گرفت وڕازەكانیان بكات.

ئەم برایەتان ـ وەك ئێوە وایە ـ بارودۆخ و ژیانی ئەمڕۆی ئوممەتی ئیسلام بەگشـتی و لاوان بەتایبـەتی تووشـی ئـێش وئـازاری كـردووە ، ئیـوەی لاو بەشێكن لەو شتانەی كـە گرنگـی پێـدەدات و خـۆی بـە بەرپرسـیار دەزانێـت لەمەڕ یارمەتیـدانتان, بۆیـە حـەزی كـردووە لـەم چـەند پـەڕە كەمـەدا چـەند بیرەوەرییەكتان بۆ بنووسێ بەمەبەستی چارەسـەركردنی ئـەو كێشـانەی كـە

---

[١] وشەی ئارەزوو **"شهوة"** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە مەیل و ویستی مرۆڤ ڕادەكێشن وەك ( ماڵ , دەسەلات ، ئافرەت و... هتد ) ، بەلام لێرەدا زیاتر مەبەست پێی ئارەزووە جنسیەكانە .

ئێوەی لاو پیێوەی گیرۆدە بوون وە داواکارە لە ئێوە لـە دوای خوێنـدنی ئـەم ناميلكەيە ، كەم و كورِييەكانی دابپۆشـن و لـە پەنهانيـدا دوعـای چاكەی بـۆ بكەن كە خوای گـەورە نيـاز پـاكی و بـەردەوامی پـێ ببەخشـێ لـە گوفتـار و كرداردا و بەرەكەت بخاتە ناميلكەكە و بيكاتە توێشوی ڕۆژی دوايی.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

براتان : محمد بن عبد الله الدويش

رياض ١٠ / ٩ / ١٤١١ هـ

# چۆن بەهەشت بۆ خۆت مسۆگەر دەکەی ؟

**برای لاوم** باش بزانە کاتێك کە تۆ دەرونت لە شتە قەدەغەکراوەکان دەگریتەوە و ئەندامەکانی لەشت لە کردەوەی خراپ دەپارێزیت ئەوا بەویستی خوای گەورە لەو کەسانە دەبیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی بەهەشتی پێداون و بۆی مسۆگەر کردوون .

لێرەدا ئەوەت لێ دەپرسم : ئایا تۆ جگە لە بەدەست هێنانی بەهەشت , چ داواکاریەکی گەورەترت هەیە ؟

نەك هەر لە تۆ بەڵکو دەپرسم :

لەو **زانایەی** کە هەموو کاتەکانی بە فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی دەباتە سەر .

لەو **بەندە لە خواترسەی** کە بەردەوام خەریکی خواپەرستیە .

لەو **تێکۆشەرەی** کە رۆح وجەستەی خۆی بەهەرزانترین نرخ بە خوای پەروەردگاری دەفرۆشێت .

لەو **کەسەی** کە هەموو هەوڵی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ سەرخستنی ڕەوا (الحق) و ژێرخستنی ناڕەوا (الباطل).

لەو **بانگەوازکارەی** کە شەونخونی شەوان و ماندوێتی ڕۆژان پێکەوە گرێ دەدات و بەردەوام خەریکی بانگەواز کردنی خەڵکە بۆ سەر ڕێبازی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ .

لە هەموو ئەوانە دەپرسم :ئایە ئێوە ئەو کارانە لەپێناو چیدا دەکەن ؟

بێگومان هەمووان یەك وەڵامیان هەیە کە ئەویش **بەهەشتمان دەوێ** , بەڕاستیش ئەمەیە ویست و ئامانجی کەسانی خوا ویست ، هەرچەندە ڕیگە شەرعیەکان جیاواز بن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە, بۆیە ئەو پەڕی هەوڵی خۆت بەگەڕ بخە بۆ ئەوەی شایستەی ئەو پەیمانەی پێغەمبەری خوا بیت ﷺ کە دەفەرموێت ( مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ ) البخاري (٦٤٧٤) .

واتە: کێ ئەوەی لە نێوان لێوەکانیدایە – زمان–ی وە ئەوەی لە نێوان ڕانەکانیدایە– دامێن–ی بۆم بپارێزێت, ئەوا من بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم

.

(ابن القیم) (ڕەحمەتی خوای لیّ بیّت) فەرموویەتی: (ئارام گرتن لەسەر ئارەزوو (شەهوەت) زۆر ئاسانترە لەدەرئەنجامەکانی، چونکە ئارەزووبازی دەرئەنجام تووشی ناڕەحەتی و سزات دەکات، یان لەچێژ و خۆشیەکی گەورەتر پەراوێزت دەخات، یان کاتێکی بەنرخت بەفیڕۆ دەبات، یان بەرهەمێکی گەورە ترت لەدەست دەدات، یان سامانێکی بە بەهات بە فیڕۆ دەبات، یان پلە و پایەیەکی بەرزت تووشی ترازان دەکات، یان نیعمەتێکی خواییت لەکیس دەبات کە ئەونیعمەتە چێژی زۆر گەورەترە لەو شەهوەتە، یان کەسێکی ناپاکی بیّ نرخت بەنسیب دەکات کە پێشتر کەسی وەهات تووش نەبووە، یان ناڕەحەتی و دڵتەنگی و دڵەڕاوکیّ و ترست تووش دەکات، یان زانستێکی بە نرخت لەیاد دەباتەوە، یان دەتکاتە کۆیلەی ستەمکار و دوژمنێك، یان ڕێگای داهاتووت لەسەر دادەخات، یان عەیبەیەکی وەهات تووش دەکات کەلێت جیا نابێتەوە چونکە لە ئەنجامی کردەوەدا بەرهەمی سیفەت و ڕەوشت دروست دەبێت). الفوائد ص١٣١

## یەکەم : ترسناکی یەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو

### ( ١ ) ئایا بەرگەی ئەو ئازارە دەگریت ؟

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ٦٨ يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ٦٩﴾ . (سورة الفرقان)

واتە: ئەوانەی کە هیچ هاوەڵ و شەریکێك بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام نادەن و کەسێکیش ناکوژن کە خوای پەروەردگار کوشتنی قەدەغە کردبێت، مەگەر بە پێی ئەحکامەکانی خوای پەروەردگار بێت و داوێن پیسی و زینا ناکەن , وە هەرکەسێك ئەوانە ئەنجام بدات ئەوا تووشی تاوان بووە و لە ڕۆژی دوایشدا سزاکەی بۆ چەند جار دەکرێتەوە و بەبێ ڕێزی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە, جارێکی تریش لێت دەپرسمەوە:

### ئایا بەرگەی ئەو ئازارە دەگریت ؟!

جابری کوڕی جوندوب رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :

﴿ رَأَيْتُ اللَّيْلَةَ رَجُلَيْنِ أَتَيَانِي فَأَخَذَا بِيَدِي ، فَأَخْرَجَانِي إِلَى الأَرْضِ الْمُقَدَّسَةِ ... فَانْطَلَقْنَا إِلَى ثَقْبٍ مِثْلِ التَّنُّورِ ، فَإِذَا فِيهِ لَغَطٌ وَأَصْوَاتٌ - قالَ - فَاطَّلَعْنَا فِيهِ ، فَإِذَا فِيهِ رِجَالٌ وَنِسَاءٌ عُرَاةٌ ، وَإِذَا هُمْ يَأْتِيهِمْ لَهَبٌ مِنْ أَسْفَلَ مِنْهُمْ ، فَإِذَا أَتَاهُمْ ذَلِكَ اللَّهَبُ ضَوْضَوْا ، - قَالَ - قُلْتُ لَهُمَا مَا هَؤُلاَءِ ؟ قَالاَ ... الزُّنَاةُ وَالزَّوَانِي ﴾ البخاري ( ٣٨٦) .

واتە: ئەم شەو لـە خەومـدا دوو پیـاو هاتنـە لام و بردمیـان بـۆ زەویـەکی پیرۆز ... وە ڕۆیشتین تا گەیشتینە کونێك کە وەکو تەنوور وابوو ، کە هات و هـاوار و دەنگـە دەنگێکـی لێـوە دەهـات ، کـە سـەیری تەنوورەکـەمان کـرد بینیمان پیاوان و ئافرەتانێکی ڕووتی تێدایە بڵێسەی ئاگر لە ژێریانـەوە دێـت وە هەر کە ئـەو ئاگرەیـان لێ نزیـك دەبـووەوە دەسـتیان دەکـرد بـە هـاوار و گریان، پرسیارم لێیان کرد ئەوانە کێن ؟ ووتیان :ئەوانە ئافرەتـان و پیـاوانی زیناکار و داوێن پیسن .

ئەمە بەشێکە لەو ئـازارەی کـە زیناکـاران توشـی دەبـن لـە لایـەن خـوای گەورە , وە ئەو کەسەش کە نێربازی ئـەنجام بـدات ئـەوە بەلایـەنی کەمـەوە وەك ئەوانە ئەگەر خراپتر نەبێت , پاشان دەپرسم: **ئایا بەرگەی ئەوە دەگریت ؟!** وە ئایا خۆت توشی ئەو ئازارە دەکەی ؟

**برای شیرینم** من نامەوێ لە وەڵامدا بڵێی : من هێشتا بەو تاوانانە نەگەیشتووم و ئەو کارانەم ئەنجام نەداوە، باش بزانە کە پێشەکیەکان (سەیرکردن ,تێکەڵاوی، دەست پێوەدان ، و ... ) هەنگاوی سەرەتایین بەرەو ئەو تاوانە گەورەیە , هەربۆیە دەڵێم وریای خۆت بەو لە سەر ئەنجامی خراپەکان بترسە.

( ٢ ) **پێ هەڵنانێك بەرەو ڕێگەی لەناوچوون :**

**برای لاوم** ئایا نەتزانیوە کە دوژمنی گەورەت (شیطان) لەبەرامبەر خوای بڵند و پایەبەرزدا سوێندی خواردووە کە بەردەوام هەوڵ بدات بۆ گومڕاکردنی من و تۆ بە هەر ڕێگایەك کە بۆی بگونجێ، قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە کە ووتویەتی ﴿قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾﴾ (سورة الأعراف) .

واتە : شەیتان دەڵێت ئەی پەروەردگار سوێند بێت ، دەبێت ڕێگەی ڕاستی تۆ لە بەندەکان بگرم و هەوڵ بدەم گومڕایان بکەم ،پاشان لە پێش و

پاش و ڕاست چەپەوە بۆیان دەڕۆم و وایان لێ دەكەم كە زۆربەیان شوكرانە بژێری نیعمەتەكانی تۆ نەبن .

**برای خۆم** ئێستا زانیت چۆن بە هەموو شێوەیەك خەریكی گومڕاكردن و لە خشتە بردنی من وتۆیە, لەوەش زیاتر ئەو (شیطان)ە باش دەزانێت كاتێك كە بەندە تووشی تاوانێك دەكات ( با بچوكیش بێت) بەڵام هەنگاوێكی بڕیوە و هەنگاوەكەی دواتری ئاسانتر دەبێت .

خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەو سێ كەسەمان بۆ دەكات كە لە جەنگی (أُحُد) دا دواكەوتن و تووشی ئەم تاوانە گەورەیە بوون كە یەكێكە لە تاوانە لە ناوبەرەكان (الموبقات) , دەبینین بەهۆی هەندێك تاوانی بچووكەوە بووە، خوای گەورە دەفەرموویت ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ١٥٥ ﴾(آل عمران .

واتە : ئەوانەی كە لە كاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی كۆمەڵی بڕواداران و بێباوەڕان هەڵاتن و پشتیان هەڵ كرد لە دوژمن ، ئەوە شەیتان بوو تووشی ئەو كارەی كردن بە هۆی هەندێك لەو تاوانانەی كە پێشتر كردبوویان ، بەڵام

خــوای پــەروەردگار لێــی خۆشــبوون ، و بێگومــانیش خــوای پــەروەردگار لێبووردە و بەسۆزە بەرامبەر بە بەندەکانی .

بۆیە **برای ژیرم** باش بزانە کـە شـەیتان هـەموو ڕێگەیـەك دەگرێتەبـەر بـۆ ئەوەی تۆ تووشی تاوانێك بكات گەرچی بچوکیش بێت ، بەڵام دواتر و هێدی هێدی دەتگەیەنێت بە تاوانی گەورتر و پاشان پێت دەڵێت : **تۆ تازە دونیـا و دوا ڕۆژیشت لە دەست داوە, چیتر خوا لێت خۆش نابێت، بۆیە بە ئارەزووی خۆت چێژ لە خۆشییەکان وەربگرە, گۆم تا قووڵتر بێت مەلـەکردن تێیـدا خۆشـترە ,** بەمەش ڕێگـــــای گەڕانەوەت لێ دەبڕێ و بێ هیوات دەکات .

### ( ٣ ) ئاگاداری ئاخر شەڕی ( سوء الخاتمة ) بە :

لە هەردوو کتێبی صەحیحی بخاری ومسلم , عبداللە ی کوڕی مسعود رضي الله عنه بۆمان دەگەڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی ( <u>فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا</u> ) .

واتە : سوێند بێت بەو کەسەی کـە نەفسـی منـی بـە دەسـتە ، کەسـی وا هەیە کردەوەی بەهەشتییان دەکات تـا ئـەو کاتـەی کـە ئەنـدازەی (باڵێك)ی دەمێنێتەوە بـۆ ڕۆشـتنە بەهەشـتەوە ، کەچـی هەڵدەگەڕێتـەوە و کـردەوەی

ئەهلی دۆزەخ دەکات و دەڕواتە دۆزەخەوە . خوای گەورە پەنای من و تۆش بدات لەو ئاکامە خراپە .

هەر بۆیە دەبینین پێشینە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە زۆر لە ئاخر شەڕی (سوء الخاتمة) ترساون .

جارێك ( سفيان الثوري ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ شەوێك تاکو بەیانی هەر دەگریا ,کە ڕۆژ بویەوە لێیان پرسی: ئایا ئەم گریانەت لەبەر تاوانەکانتە ؟ ئەویش تەڵە پوشێکی لەسەر زەوی هەڵگرت ووتی (الذنوب أهون من هذه ، إنما أبكي خوف الخاتمة ) .

واتە : تاوانەکان لەم تەڵە پوشە لەلام سوکترن , بەڵکو من لەترسی ئاخرشەڕیدا دەگریم .

**برای لاوم** ئایا تۆ نازانی ڕاهاتن لەسەر تاوان و زاڵبوونی بەسەر دڵدا یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی ئاخرشەڕی (سوء الخاتمة) ؟

دەگێڕنەوە جارێکیان پیاوێك عاشقی گەنجێکی جوان دەبێت, بەشێوەیەکی وا کە ئارامی لێ بڕیبوو, خۆشەویستی کوڕەکە تەواو لە دڵیدا چەسپابوو ، تا وای لێ هات پیاوەکە بەهۆیەوە نەخۆش کەوت ، گەنجەکەش

هەر خۆی لێ بە دوور دەگرت ، خەڵکیش زۆرجار بەگەنجەکەیان دەووت ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت سەردانی ئەو پیاوە بکە , بۆیە ناچار گەنجەکە بەڵێنی دا کە سەردانێکی ئەو کابرایە بکات ,کاتێك کە ئەم هەواڵە بەکابرا ڕاگەیەنرا لەخۆشیدا ساغ بویەوە و هەموو غەمەکانی لە بیر چوو، بە بەردەوامیش چاوەڕوانی کاتی دیاری کراوی هاتنی گەنجەکەبوو, لەم بارەدا یەکێك لەو کەسانەی کە هەوڵی قایلکردنی گەنجەکەی دەدا بۆ سەردانکردنی ئەم پیاوە، هات و پێی ووت : گەنجەکە تا نیوەی ڕێگا لە گەڵیدا هاتووە و پاشان گەڕاوەتەوە , کابراش کە ئەمەی بیست شتێك لە دەستی بوو کەوتە سەر زەوی و لە جاری جاران خراپتری لێ هات و نیشانەی مردنی تیا دەرکەوت، تا وای لێ هات لەسەرەمەرگ و دوا ساتەکانی ژیانیدا دەیوت :

أسلم يا راحة البال العليل     ويا شفاء المدنف النحيل

رضـاك أشهى إلى فؤادي     مـن رحمة الخالق الجليل

**واتە:**

**وەرە ئەی خەم ڕەوێنی ماندووان     ئەی شفای لاواز وپەککەوتووان**

**دڵی من قایل بوونی تۆی لا خۆشترە     لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار**

پێیان ووت : فلاَن کەس لە خوا بترسە تۆ لەسەرەمەرگدای, ئەویش ووتی : ئەو سەردەمە ڕۆشت ، بۆیە ئەوخەلَکەش مالَەکەیان بەجێ هێشت، کە گەیشتنە بەر دەرگای مالَەکە، گوێیان لە هاواری کەسوکارەکەی بوو کە بۆ مردنی دەگریان.

کابرایەکی تریش لەلای مالَی خۆی ڕاوەستابوو , لەو کاتەدا کەنیزەکێکی جوان بەلای دا تێپەڕ بوو ، لە کابرای پرسی : کامەیە ڕێگای گەرماوی ( منجاب ) ؟ ئەویش بەنیازێکی خراپەوە پێی ووت : ئەمە گەرماوی ( منجاب)ە و مەبەستی مالَەکەی خۆی بوو ، کەنیزەکەکەش بێ ئاگایانە چووە ژورەوە و کابراش شوێنی کەوت , دواتر کە کەنیزەکە بەنیازی کابرای زانی ، خۆشحالَی پیشان دا و پێی ووت : باشتر وایە کە شتێکمان هەبێت کەش و هەواکەمان زیاتر خۆش بکات و دلَمان پێی خۆش بێت, مەبەستی خواردن و خواردنەوە بوو, ئەویش پەرۆشانە مالَی بەجێ هێشت و هەموو ئەوەی کە پێویست بوو هێنای , کە گەڕایەوە مالَەوە بینی کەنیزەکەکە مالَی بەجێ هێشتووە و دەرباز بووە ، کابراش تووشی غەم و پەژارەیەکی زۆر بوو ، بەردەوام لە یادکردنیدا بوو ، بەڕێگاو باندا دەهات و دەڕۆیشت و دەیوت :

یا رُبَّ قائلة یوما و قد تعبت   کیف الطریق إلى حمام منجاب

واتە : ئاخۆ لە کوێیە ئەو کچەی کە دەیپرسی ڕێگای گەرماوی منجاب لە کوێیە ؟

لە یەکێك لەو ڕۆژانەی کە ئەم ووتەیەی دووبارە دەکردەوە ، کەنیزەکێکی تر لە تاقی ماڵێکەوە پێی ووت:

هلاّ جعلت سريعا إذ ظفرت بـها

حرزا على الدار أو قُفلا على الباب

واتە : بۆ بەخێرا نەهاتیتەوە بۆ ئەوەی ڕانەکا لە دەستت , پاسەوانێکت بۆ دانابا یان دەرگاکەت لە سەر قفل بکردایە.

کابراش بەمە زیاتر توشی ئێش و ئازار بوو , تاوەکو گەیشتە سەرە مەرگ و لەدوا ساتەکانی ژیانیدا هەرئەو دێڕە شیعرەی دووبارە دەکردەوە[٢] .

بینیت **برای خۆم** ـ خوا بتپارێزێت ـ هەواو ئارەزوو چی بەسەر خاوەنەکەی دێنێت ؟

بۆیە وریابە لەو چارەنوسە ڕەشە.

---

[٢] بڕوانە : کتێبی ( العاقبة ) لاپەڕەی : ١٧١ و پاش ئەوە .

پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:
(هەرکەسێك شوێنی ئارەزووەکانی بکەوێت ئەوا دەبێتە کۆیلە و بەندەی وەچەکانی – خۆشیەکانی – دونیا)
سیر أعلام النبلاء ١٠/ ٩٧

## ( ٤ ) کام لەم دوو خۆشەویستییە هەڵدەبژێریت؟

**برای خۆم** باش بزانە کە دڵی بەندە وەك مەنجەڵ وایە و ئەم مەنجەڵەش بەتاڵ نیە لە خۆشەویستێك کە دڵ ئومێد پێیەتی و ترسی لە دەست دانی هەیە ، وە ئەوەش بزانە کە دووشتی دژیەك هەرگیز کۆنابنەوە , بۆیە لێت دەپرسم: ئەگەر دڵت بە خۆش ویستنی هەواو ئارەزووەکان پڕ بوو , پێت وایە شوێنێکی تر دەمێنێتەوە بۆخۆش ویستنی خوای پەروەردگار و ئەوەی کە خوا پێی خۆشە ؟

**برام** باش بزانە کە ڕێگای ڕاست یەك ڕێگایە , بۆیە چارەنوسی خۆت دیاری بکە و یەکێك لەو دوو ڕێگایە بۆخۆت هەڵبژێرە , وە من لێرەدا پێت

ئەڵێم : کە ئەگەر خۆشەویستی خوا و چێژی ئیمانت ویست و هەڵتبژارد ئەوە دڵنیابە کە هەرگیز بەدەستی ناهێنیت تاکو دڵت بە تەواوی پاك نەکەیتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە مایەی تووڕە بوونی ئەوە , وە ئەوەش بزانە کە ئەگەر دڵت بە غەیری خواوە پەیوەست بوو ئەوا هەرگیز ناتوانیت چێژ لە باوەڕەکەت و شیرینی کردەوە چاکەکانت وەربگریت ؟

ئێستاش لێت دەپرسم : تۆ لە کام کۆمەڵەی ؟ هەر لە ئێستاوە جێگەی خۆت دیاری بکەو لەوەش دڵنیابە کە ئەو شتەی لە ژیاندا خەمت بۆ دەخوارد و پەرۆشی بووی , هەر ئەوەت دێتە پێش لە سەرەمەرگدا و هەر لە سەر ئەوەش زیندوو دەکرێیتەوە .

**( ٥ ) ئایا هیچت نەبیستوە دەربارەی نەخۆشیە جنسیەکان ؟**

بەڕاستی سوننەتی خوای پەروەردگار وایە کە ئەو کەسانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن ئەوا لە دونیادا توشی سزایان دەکات پێش ڕۆژی دوای , وە ئەم جۆرە تاوانەش کە داوێن پیسی یە ( زینا ) سزایەکی تایبەتی خۆی هەیە .

عبداللە ی کوڕی عە مر ی کوڕی عاص ﵁ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرمویەتی :

( يَا مَعْشَرَ الْمُهَاجِرِينَ خَمْسٌ إِذَا ابْتُلِيتُمْ بِهِنَّ وَأَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ تُدْرِكُوهُنَّ : لَمْ تَظْهَرِ الْفَاحِشَةُ فِي قَوْمٍ قَطُّ حَتَّى يُعْلِنُوا بِهَا إِلاَّ فَشَا فِيهِمُ الطَّاعُونُ وَالأَوْجَاعُ الَّتِي لَمْ تَكُنْ مَضَتْ فِي أَسْلاَفِهِمُ الَّذِينَ مَضَوْا ، وَلَمْ يَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِلاَّ أُخِذُوا بِالسِّنِينَ وَشِدَّةِ الْمُؤْنَةِ وَجَوْرِ السُّلْطَانِ عَلَيْهِمْ ، وَلَمْ يَمْنَعُوا زَكَاةَ أَمْوَالِهِمْ إِلاَّ مُنِعُوا الْقَطْرَ مِنَ السَّمَاءِ وَلَوْلاَ الْبَهَائِمُ لَمْ يُمْطَرُوا ، وَلَمْ يَنْقُضُوا عَهْدَ اللَّهِ وَعَهْدَ رَسُولِهِ إِلاَّ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ غَيْرِهِمْ فَأَخَذُوا بَعْضَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ ، وَمَا لَمْ تَحْكُمْ أَئِمَّتُهُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ وَيَتَخَيَّرُوا مِمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلاَّ جَعَلَ اللَّهُ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ ) السلسلة الصحيحة ( ١٠٦ ) .

واتە : ئەی کۆمەڵی کۆچەران پێنج ئاکار و سیفەت هەن ، ئاکام و ئەنجامەکانیان زۆر خراپن ، پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگار لە وەی کە تووشی ببن :

**یەکەمیان** : داوین پیسی و زینا لە هیچ گەل و نەتەوەیەکدا دەرنەکەوتووە تاکو گەشتبێتە ئەوەی کە بە ئاشکرا بکرێت ، ئەوا نەخۆشی (

طاعون ) و پەتا و دەرد و بەلایان تێدا بلاو بووەتەوە ، بە شێوەیەك كە لە پێشینیاندا نە بوو بێت.

**دووەمیان** : وە هیچ گەل و نەتەوەیەك فێڵ و تەڵەكەبازی و خیانەتیان لە كێش و پێوانەدا نەكردووە ، ئەوا خوای پەروەردگار قات قڕی و گرانی و ستەمی كاربەدەستانی تووشكردوون .

**سێیەمیان** : وە هیچ گەل و نەتەوەیەك زەكاتی ماڵ و سامانیان قەدەغە نەكردووە ئەوا خوای پەروەردگار بارانی ئاسمانی لێ گرتونەتەوە ، وە ئەگەر لە بەر ئاژەڵ نەبایە ئەوا هەرگیز بارانی بۆ نەدەباراندن .

**چوارەمیان** : وە هەر گەل و نەتەوەیەك ئەو پەیمانەیان شكاندبێت كە بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی دابێتیان، ئەوا خوای پەروەردگار دوژمنێكی لە غەیری خۆیان زاڵكردووە بە سەریاندا ، ئەو دوژمنانەش سەروەت و سامانەكانیان بۆ خۆیان بردووە .

**پێنجەمیان** : وە هەر كاتێك پێشەوا و سەركردەكانیان بە بەرنامەی پەروەردگاریان حوكمیان نەكرد بێت ، بەڵكو بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژاردەیان لێكرد بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار شەڕ و ئاژاوەی خستۆتە نێوانیانەوە .

ئایا هیچت بیستوە دەربارەی نەخۆشی (الزهري) [٣] یان (السيلان) [٤]؟

لە سەر ژمێرییەکی سالّی (١٩٧٧)دا ژمارەی تووش بووان بە نەخۆشی (الزهري) لە هەر ساڵێکدا گەیشتوەتە (٥٠ مليون) ، وە تووش بووانی نەخۆشی ( السيلان ) سالانە دەگاتە پێنج ئەوەندە ، واتە ( ٢٥٠ مليون ) وە لە سالّی ( ١٩٨١ ) ژمارەی تووش بووانی نەخۆشیەکی تر کە ئەویش ( الهربس التناسلي ) یە تەنها لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گەیشتوەتە ( ٢٠ مليون ) .

وە ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە دەکەن توش بوون بە نەخۆشی ( الإيدز ) [٥] کە بلاو بووەتەوە و بەردەوامیشە لە بلاوبوونەوە بەشێوەیەکی ترسناك ( زیاد بوونێکی رێژەی ١ ـ ٣ ـ ٩ ـ ٢٧ ـ ٨١ .... ) کە لە سالّی ( ١٩٨١ ) ژمارەی تووش بووانی تەنها لە ئەمریکا گەیشتە ( ٢٥٢ ) ، وە لە سالّی ( ١٩٨٣ ) گەیشتە ( ٢٦٤٣ ) , وە لە ( ٣٠ ـ ٦ ـ ١٩٨٥

---

(٣) نەخۆشیەکی میکرۆبییە کە تەنها لە سەر مرۆڤ دەژی و لە رێی زینا و داوێن پیسیەوەدەگوێزرێتەوە .

(٤) نەخۆشیەکە بەهەمان شێوەی پێشوو, هۆکارێکیشە بۆ نەزۆکی.

(٥) نەخۆشی نەمان و لە ناوچوونی بەرگری لەش کە یەکێکە لە هەرەشە گەورەکان بۆ سەر جیهان و بەهۆی ڤایرۆس و لە رێی زینا و داوێن پیسیەوە دەگوێزرێتەوە.

( گەیشتە ( ١٢٠٦٧ ) وە لە ( ٣ ـ ٢ ـ ١٩٨٦ ) گەیشتە ( ١٧٠٠١ ) ، ئەوەش بزانە کە ( ٧٣ ٪ ) ی تووش بووانی ئەم نەخۆشیە لە وانەن کە خەریکی کاری نێر بازیین .

وە ئەمەش یەکێکە لە تووش بووانی ئەم نەخۆشیە کە ئەکتەرێکی سینەمای ئەمریکیە بە ناوی ( رۆك هدسون ) لە سەر جێگای مردن دەڵێت : (( من چاوەڕوانی قەدەرم کە لە دەرگام بدات , لە ناخمەوە گوێم لێیەتی , من نەم دەویست بەو شێوەیە ئازار بدرێم لە ڕێگای ئەم نەخۆشیەوە کە بە شێر پەنجەی ئەم سەردەمە دادەنرێت  وە سەرەڕای بزەی خەڵکانێکی زۆر بۆم و پیرۆزبایی لێ کردنم و هیوای چاك بوونەوە بۆ خواستنم ، بەڵام من هەر چاوەڕوانی قەدەرم کە لە دەرگام بدات بۆ دواساتەکانی ژیانم ))

( ٦ ) **سزا لە هەمان جۆر و ڕەگەزی کردەوەیە ( الجزاء من جنس العمل ):**

ئەمە ڕێسایەکی شەرعی و سوننەتێکی نەگۆڕی خوای پەروەردگارە لە گەردووندا , **برای لاوم** ئایا تۆ پێت وایە ئەو کەسەی بە شێوەیەکی ڕەها و بە بێ گوێدان بە هیچ سنورێك و ئاژەڵ ئاسا دەرگا بۆ ئارەزووەکانی والا بکات ، بە ئاسانی لە سزای خوای گەورە ڕزگاری دەبێت ؟

بێ گومان نەخێر, کەمترین بەشی سزای ئەوەیە کە بەر ئەو ڕێسایەی سەرەوە بکەوێت و وەك دەوترێ چی بڕوێنی ئەوە بە دەست دێنی, وە پێشەوا ( شافعي ) دەڵێت :

عفّوا تعفّ نساؤكم في المحرم — وتجنبوا ما لا يليق بمسلم

إن الزنا دَيْن إذا أقرضته — كان الوفاء من أهل بيتك فاعلم

من يَزْنِ يُزْنَ به ولو بجداره — إن كنت يا هذا لبيباً فافهم!

واتە : خۆتان پاك ڕاگرن و بپارێزن ، لە ئاکامدا ئافرەتەکانتان لە جێگە و شوێنی خۆیان پارێزراو دەبن ، و دووریش بکەونەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە شایستەی موسڵمان نین ، ئەوەش بزانن کە داوێن پیسی و زینا قەرزێکە بەلای ئەنجام دەرەکەیەوە و دەبێت بدرێتەوە ئەگەر چی دانەوەی ئەو قەرزە لە لایەن کەس و کارتانەوە بێت، ئەو کەسەی کە داوێن پیسی و زینا بکات ، داوێن پیسی و زینای لە گەڵدا دەکرێت ، ئەگەر بە دیواری خانووەکەشی بێت ، جا ئەگەر تۆ دانا بیت تێدەگەیت .

بۆیە **برای لاوم** ئابڕوی خۆت بپارێزە بە پاراستنی ئابروی خەڵکی و باش بزانە کە لە وانەیە سزا بدرێیت بە هەمان جۆری تاوانەکەت و هەر ئەو شتە توشی ماڵ و منداڵت بێت کە بە سەر خەڵکیت هێناوە .

زانای پایەبەرز (ابن الجوزی) فەرموویەتی: بزانە تێڕوانینی بێ سنوور بۆ ئارەزووەکان مرۆڤ ڕاپێچ دەکات بۆ چێژێکی ساتی بەبێ بیرکردنەوە و تێڕوانین لە دەرئەنجامەکانی پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ شەهوەت پەرستن بەبێ گوێدانە سزا و نارەحەتیەکانی و دابڕان لەچەندەها چێژی تر لە داهاتوودا،مرۆڤی ژیر خۆی دەپارێزێت لە ئارەزوویەك کە کۆتاییەکەی سزا و ئازارە، وە خۆی دەپارێزێت لەحەزێك کە پەشیمانی لەدوایە، ئەوەندەش بەسە بۆ بەهای عەقڵ و بێ نرخی ئارەزووەکان، کەواتە مرۆڤی ژیر ئەبێت بزانێت هەرکاتێك ئارەزوو و شەهوەت ویستیان بڕیارێك بدەن لەسەر کارێك ئەوا پێویستە ئەو بڕیارە بەرز بکرێتەوە بۆ (دادگای عەقڵ) چونکە دادوەری ژیری دەڕوانێتە بەرژەوەندییە دوورەکان و ئاسایش وهێمنی بۆ خاوەنەکەی دابین دەکات. ذم الهوی،لابن

# دووەم : هۆکارەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو

## ( ١ ) لاوازی باوەڕ :

بەڕاستی بەهێزیی و بتەویی باوەڕ بە خوای بلّند و بالاّ دەست و هەستکردن بە چاودێرێکردنی خوای گەورە پارێزەرە لە تاوانەکان و ڕێگرێکی سەختە کە ئارەزووەکانی نەفسی خراپەکاری لە بەردەمدا پووچ دەبێت, چونکە بەلّگە ئەوە نەویستە کە هەرچەندە باوەڕی بەندە لاواز بێت , ئەوا بووێرتر دەبێت لە شکاندنی سنوورەکانی خوای پەروەردگار و زیاتر توخنی تاوانەکان دەکەوێت, پاشان دەپرسم : ئایا تۆ پێت وایە ئەو کەسەی کە دەگاتە ئەو پلەیەی کە خوا بپەرستێت وەك چۆن بلّێی دەیبینێ , جورئەتی تاوانکردنی هەبێت ؟

وەئەگەر هاتوو تاوانێکی کرد, سوور دەبێت لە سەری و پەشیمان نابێتەوە ؟

هەر بۆیە باش بزانە کە لاوازی باوەڕ گەورەترین هۆکاری کەوتنە نێو قوڕ و لیتاوی ئارەزووە پیسەکانە .

## ( ٢ ) چاوێك بە هاوڕێكانتدا بخشێنەوە :

**برای لاوم** بەئەرك نەبێت تاك تاكی هاوەڵ و هاوڕێكانت بهێنە پێش چاوی خۆت و بزانە لەوانەیان تێدایە كە لە ڕۆژی دوایدا پێیان بڵێی :

﴿ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِي ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾ (الفرقان) .

واتە : هاوار بۆ من, خۆزگە هاوەڵێتی فلانەكەسم نەكردبایە ، چونكە ئەو بوو لە باوەڕ و ئیسلامەتی وێڵی كردم ولای دام, دوای ئەوەی كە خوای پەروەردگار هیدایەتی پێ بەخشیم ، بێگومان شەیتان ڕێگرە لەوەی كە مرۆڤ ڕێگای ڕاست وەربگرێت .

وە ئایا هەموو هاوڕێكانت لەوانەن كە ڕازیت بەوەی لە قیامەتتدا لەگەڵیاندا حەشر بكرێیت ؟ چونكە خۆشەویستەكەت ﷺ دەفەرموێت (الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ ).متفق عليه

واتە : مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا لە گەڵ ئەو كەسە دەبێت كە لە دونیادا خۆشی ویستووە .

دواتــریش ئایــا ڕازیــت لــە دیــن و ئاکــاری هــەموویان ؟ چــونکە ئـەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوات ﷺ لەلا شاراوە نیە کە فەرموویـەتی (الْمَـرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ ) السلسلة الصحيحة ( ٩٢٧ )

واتە : مرۆڤ لە سەر ئایینی برادەر و هاوڕێکەیەتی ، جا با هـەر یـەکێك لـە ئێوە بزانێت برادەری و هاوڕێیەتی کێ دەکات .

لەدوایشــدا , ئایــا بــۆت دەرکــەوت کــە هاوڕێکانــت لــە چ کۆمەڵەیــەکن ؟ فرۆشیاری بۆنی خۆش وگولاَون ، یان لە کوورەچیانن ؟ چـونکە پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِـيسِ السَّـوْءِ كَحَامِـلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ ) صحيح مسلم (٦٨٦٠) .

واتە : نموونەی هاوڕێی چاك و خراپ ، وەکو بۆن فرۆش و کوورەچی وان.

بۆیە **برای خۆم** ئەوە بزانە کە ئەگەر هاوڕێ وبـرادەر کاریگـەرییان هـەبێت لە سەر یەکتر لە هەر قۆناغێکی تەمەن , ئەوا بێ گومان ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبێت لە قۆناغی لاوێتیدا, بە چاك بێت یان خراپ.

لـە لێكۆلینەوەیـەك كـە ڕۆژنامـەی (الأنبـاء)ی كـۆیتی ئـەنجامی دابـوو, گەنجێك بە ناوی ( ن . م , ١٧ ساڵ ) دەڵێت (بۆ جاری یەكەم كە ئەو جۆرە فلیمانە ـ سێكسی ـ ببینم, پێش چەند ساڵێك بوو لە سەردانێـكمـدا بۆ لای هاوڕێیەك كە ئەو فلیـمەی هەبوو,پێكەوە سەیرمانكرد)[٦].

یەكێك لەو گەنجانەی كە گەڕاوەتەوە (دار الملاحضة) كە خانەیەكی چاودێری كردنی لاوان و چارەسەری گرفتەكانیانە لە ( ریاض ) , دوای ئەوەی كە ماوەیەك لەو خانەیە دەبێت و دواتر دەردەچێت, دەڵێت:

( هۆی دوبارە گەڕانەوەم بۆ ئەم خانەیە ئەوەیە كەوا دیسان گەڕامەوە ناو هەمان پێڕی هاوڕێ خراپە كۆنەكانم , چونكە هەر كە لەم شوێنە دەردەچم دەبینم چاوەڕێم دەكەن و بانگم دەكەن بۆ هەمان خراپەكاری یەكانی پێشووم ، دوای ئەوەی كە كردەوەی خراپم بۆ دەڕازێننەوە و بەچاكم پیشان دەدەن ، بەمەش گەڕانەوەم بۆ لای پەروەردگار و تۆبە و سور بوون و بەردەوامیم لە سەر كاری چاكە لە بیر دەبەنەوە , بۆیە منیش بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ ئەم خانەیە و خۆم

---

[٦] ڕۆژنامەی ( الأنباء الكویتیة ) ( ١٣ / ٨ / ٨٧ )

ڕزگار بکەم لە چنگ ئەو هاوڕێ خراپانە )[٧]

وە ئـەوەش بزانـە کـە مـەرج نییـە هـاوڕێی خـراپ تـەنها ئەوانـە بـن کـە زیندانیان بینیبێت ، یان خانەکانی ئامۆژگاری و ڕاست کەرەوەی لاوان , وەك هەندێ پێیان وایە , مەرجیش نییە جگەرەکێش بێت وەك هەندێکی تـر پێیـان وایە .

بەڵکو هاوڕێی خراپ ئەو کەسەیە کە تاوانەکانت بەجوان دێنێتە پێش چاو و دەیڕازێنێتەوە و کاری چاکەت لە لا ناشرین دەکات ، کـە ئەمـەش لەوانەیـە ئامۆزا یان خزم و هاوسێ یان تەنانەت ڕەنگە هەندێ جار براشت بێت .

وە لە کۆتایدا ئـەوەت پێڕادەگەیـەنم کـە وریـا بـەو نەکـەی بەشـێوەیەکی کـاتی واز لـە هـاوڕێی خـراپ بهێنـی ! بـەڵکو پێویسـتە هـەرکات کـە بـۆت دەرکەوت فلان کەسی هاوڕێت کەسێکی خراپە , ئەوا هـەوڵ بـدە بـۆ سـبەینێ نەیبینیتەوە , چونکە نموونەی ئـەو کەسـەی کـە بەشـێوەیەکی کـاتی واز لـە هاوڕێی خراپ دەهێنێت , وەك ئـەو کەسـە وایـە کـە فێـری خـواردنێکی زیـان بەخش بووە و کە زیانی ئەو خواردنەی بۆ دەرکەوت بڕیار دەدات ڕۆژانـە دوو ژەمی لێ بخوات لە جیاتی سێ ژەم ، بگرە هاوڕێی خراپ زیانی زۆر زیاترە لە

[٧] گۆڤاری ( دار الملاحظة ) ژمارەی ( ٣ ) لاپەڕەی ( ٥١ ) .

خواردنی زیانبەخش ، ئەگەر بە ووردی بیر لەو مەسەلەیە بکەیتەوە ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت .

## ( ٣ ) سەیرکردنی حەرام تیرێکە لە تیرەکانی شەیتان :

**برای لاوم** ئایا پێت دروست و ڕەوایە کە چاوت بەرەڵا بکەیت بۆ سەیرکردنی هەموو ئەوانەی کە بەپێشتدا دێن و دەڕۆن, پیاو بن یان ئافرەت ، دواى ئەوەش بپرسی و وبلێی : **هۆی هەڵچوون** و ورووژاندنی ئەم شەهوەت و ئارەزووەم چیە ؟ وە ئایا بە کارێکی باش و شایستەی دەزانیت کە بەردەوام خەریکی سەیرکردنی هەموو ئەو دیمەنە ئارەزوو بزوێنەرانە بیت کە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پیشان دەدرێت لە وێنەی ئافرەتانی ڕووت و نیمچە ڕووت و فلیمە ئارەزوو هەژێنەرەکان , یان خۆت بە خویندنەوەی گۆڤار و ڕۆمانی بزوێنەرەوە خەریك بکەیت ، یان بە دوای گۆرانی ئابڕوو بەردا بگەڕێیت ؟

ئاخۆ **برای لاوم** تۆ ئەمانە دەکەی ؟ نا... نا ... هەرگیز باوەڕ ناکم تۆ وا بیت, بە ڵکو پێم وایە تۆ زۆر لەوە ژیرتر بیت کە کاتی خۆت بەو شتە بێ سوودانە بەسەر بەری، وە پێشم وانیە کە تۆ ئەو شتانە ئەنجام بدەیت و پاشان بپرسی : چارەسەر چیە ؟

خۆ تۆ باش کە دەزانیت خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴿٣١﴾ ﴾ ( سورة النور) .

واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ فەرمان بکە بە پیاوانی باوەڕدار و پێیان بڵێ: با چاویان لە ئاست ئافرەتی نامەحرەم دابخەن و دامێنیان بپارێزن لە داوێن پیسی و زیناکردن، چونکە ئەوە پاکتر و چاکترە بۆیان ، ئەوەش بزانن کە خوای پەروەردگار ئاگادار و شارەزایە لە هەموو کردەوەکانیان ، هەروەها بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ : با چاویان لە ئاست پیاوانی نامەحرەم دابخەن و دامێنیان بپارێزن لە داوێن پیسی و زیناکردن .

هەروەها ( ابن القيم ) — بە ڕەحمەت بێت — دەڵێت :

كل الحوادث مبداهـا من النظر

و معظم النار من مستصغر الشرر

كم نظرة فتكت في قلب صاحبها

فتك السهام بلا قوس ولا وتر

واتە: هەموو تاوانەکان سەرچاوەیان لە سەیرکردن و ڕوانینی حەرامەوەیە ، ئاگرە گەورە و بڵێسە دارەکانیش بە هەمان شێوە لە ترووسکە بچووکەکانەوە درووست دەبن ، چەندەها تێڕوانین هەبوو کاریگەریان لە سەر دڵی خاوەنەکانیان وەك کاریگەری تیر وابوو ، ئەگەرچی کەوانیشی تێدا بەکار نەهێنراوە .

هەروەها دەڵێت :

مـازلت تتبـع نظرة في نظـرة   في إثر كـل مليحـة و مليـح

وتظن ذاك دواء جرحك وهو في   التـحقيق تجريـح على تجريـح

فـذبحت طرفك باللحاظ وبالبكا   فـالـقلب منك ذبيح أي ذبيح

واتە : هەر جوانێکت بەر چاو بکەوێت جار لە دوای جار تەماشای دەکەیت ، گومانیشت وایە کە ئەوە تیماری برینەکەت بێت ! لە ڕاستیدا ئەوە برینە لە سەر برین ، تۆ دیدەدەکانت سەرگەردانی شوێنی ئەم و ئەو کردووە، هەر ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی کە دڵت ببێتە قۆچی قوربانی.

**( ٤ ) تەنهایی و دووره پەرێزی لە خەڵك :**

**برای لاوم** یەكێكی تر لەو هۆكارانەی كە دەبێتە هۆی لاوازی باوەڕ , بریتیە لە دەست بەتاڵی و تەنهایی, چونكە تۆ كاتێك بەتەنها لە شوێنێك دەمێنیتەوە , بیركردنەوە و خەیاڵ دەست دەكێشێت بەسەرتدا و شەیتانیش ئەم بارە بەهەل دەزانێت بۆ ئەوەی جڵەوی كارەكان بگرێتە دەست ، بۆیە سەرەتا داوات لێ دەكات كە بیر لە چێژی جنسی بكەیتەوە, كە ئەمەش بە بیركردنەوە دەست پێ دەكات , بەڵام دواتر پەرەدەسێنێت و دەبێتە هیممەتێك لە ناختدا و دواتریش سووربوون لەسەر ئەنجامدانی كارێك و دەبێتە ( بڕیار ) كە قۆناغی پێش كۆتاییە وپاشان داوای جێبەجێكردنی ئەو كارەت لێ دەكات كە لە ناختدایە.

**برای خۆم** خۆ ئەگەر بە لای كەمەوە ئەنجامی هەموو ئەمانە بریتی دەبێت لە بە دەست هێنانەوەی ئاوی شەهوەت ( دەستپەڕ), كە تووشی كۆمەڵێك زیانت دەكات وەكو : غەم و پەژارەیی زۆر و گێلی و كەمتەرخەمی و بێ هیممەتی و لە دەستدانی پیاوەتی و شەرم كردن و زیان گەیاندن بەمێشك و چاو و لاواز بوون و چەمانەوەی شان و باڵەكان و لاوازبوونی ماسولكەكانی هەرس و لەوانەشە ببێتە هۆی بێ توانایی بەجێهێنانی ئەركی ( جووتبوون )

ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر ئەو کارە و بە زۆری ئەنجامی بدەیت, ئەوا سەرەڕای هەموو ئەمانەش کارێکی ناشەرعیە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەت بەسەردا ڕاست دەبێتەوە کە دەفەرموێت ﴿فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ۝٧﴾ ( المؤمنون) واتە : ئەوانە لایانداوە بۆ شتێك کە ڕێپێدراو نیە بۆیان .

لەوانەشە بلێی تۆ داوات لێ کردم کە وازبهێنم لە هاوڕێی خراپ و فەرمانی ئەوەیشت پێ کردم کە چاوێك بەهاوڕێکانمدا بخشێنم , ئەی چۆن ئێستا داوام لێ دەکەیت کە دوور بکەومەوە لە تەنهایی ؟

منیش دەڵێم : نامەوێ بێزارت بکەم و دوورە پەرێزت بکەم لە خەڵکی , بەلأم ئەگەر ئارام بگری و بەردەوام بیت لە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەی بەردەستت, ئەوا بە ویستی خوای گەورە وەلأمەکەت دەست دەکەوێ لە بەشی چارەسەریەکان .

**( ٥ ) بیرکردنەوە لە ئارەزوبازی دەردێکی کوشندەیە :**

لە تەواوی بەسۆزیی و میهرەبانی خوای گەورە ئەوەیە کە لە مرۆڤ ناپرسێتەوە و سزای نادات لە سەر بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی تاوەکو بەقسە نەیکات یان بەکردەوە ئەنجامی نەدات , گەنجێکی زۆر هەیە تام و چێژێکی

کاتی لەو جۆرە بیرکردنەوانە وەردەگرن , کە لەوانەیە لە سەرەتادا پێی خۆش بێت لە سەر شاخێکی زۆر بەرز بخرێتە خوارەوە نەك ئەو شتەی کە لە مێشکیدایە بەکردەوە ئەنجامی بدات , بەلأم لە گەلّ ئەوەشدا پەرەی پیّدەدات تا وای لیّ دیّت تیّکەلّ بە نوێژەکانیش دەبێت ـ وەك هەندیّ لاو دانیان پیّداناوە ـ وە ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانە درێژە بکێشێت, ئەوا ئارەزووش بەرزدەبێتەوە و دەست بەسەر دلّدا دەگرێت و وەك بورکانێکی لێدێت کە بەدوای هەلدا بگەڕێت کە بەهۆیەوە بتەقێتەوە.

بۆیە **برای ژیرم** دوور بە لە بیرکردنەوەی ئارەزووبازی، بەلّکو هەرکاتێك ئەو شتە لە دەرگای دای, دەرگای بە ڕوودا دابخە و بیر لەو شتانە بکەرەوە کە سودی دونیا و دوا ڕۆژتی تێدایە , یان بیر لە دروست کراوەکانی خوای گەورە و ڕۆژی دوایی و نەهامەتی موسڵمانان و دوورییان لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ دوە بکەرەوە .

# سێ یەم : چارەسەرکردنی شوێنکەوتنی ئارەزوو

**برای لاوی خۆشەویستم** دوای ئەوەی کە لە پەڕەکانی پێشوودا باسی خراپی ئاکامی شوێن کەوتنی ئارەزوومان کرد, وە پاشانیش باسی هۆکارەکانی شوێن کەوتنی ئارەزوومان کرد, کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت من و تۆ پێکەوە نەخۆشیەکەمان دیاری کردووە و ماوەتەوە چارەسەری گونجاوی بۆ دیاری بکەین, لێرەشدا بە ویستی خوای پەروەردگار ڕێگاکانی چارەسەرکردن دیاری دەکەین بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ڕزگارمان بێت لەو نەخۆشیە ترسناك و فەوتێنەرە , وەبیری خۆم و بەرێزتی دەخەمەوە کە لە خوێندنەوەی چارەسەرەکان پێویستە هەوڵ بدەین بە تەواوەتی لە باسەکە تێ بگەین و لەواقیعدا پیادەیان بکەین :

**(١) باوەڕ بتەوی (هێزی ئیمان) بەڕێکی سەختە کە ئارەزووەکان لەبەردەمیدا وورد دەبن :**

**برای لاوم** بەڕاستی بەهێزیی وبتەویی ئیمان بە خوای پەروەردگار , چاکترین پارێزەرە بۆ بەندە لە کەوتنە نێو تاوانەکانەوە, ئەمەش دوای سەرخستن و تەوفیقی خوای پەروەردگار, وە ئەگەر بپرسی چۆن؟ ئەوا دەڵێم

ئەی ئەوە نیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ ( لاَ يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ ) متفق عليه .

واتە : مرۆڤی داوین پیس و زیناکار لەو کاتەی کە ئەو تاوانە ئەنجام دەدات باوەڕی تێدا نامێنێت .

کەواتە کاتێك دڵەکەت پڕ دەبێت لە ئیمان ودڵ و دەروون و هەستت داگیردەکات, ئەوا هەرگیز ناتوانیت سنورە قەدەغەکراوەکانی خوای پەروەردگار بشکێنیت ، وە ئەگەر جارێکیش تاوانێك بکەیت ئەوا بە زووترین کات دەگەڕێیتەوە و بە ئاگا دێیت و ئەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگارت بیر دێتەوە کە فەرموویەتی :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١ ﴾ (الأعراف) .

واتە : کەسانی خۆپارێز لە تاوان, ئەگەر تووشی وەسوەسە و ختوورەیەکی شەیتان بن یان تاوانێك ئەنجام بدەن، ئەوا خێرا بیر لەسزا و پاداشت و فەرمانەکانی خوای پەروەردگار دەکەنەوە و تۆبە دەکەن و دەگەڕێنەوە و پاشان چاو ڕۆشن دەبنەوە.

جا **برام خـۆم** خوای پەروەردگار بتپارێزێت , با غەمی ئـەوەت هـەبێ کـە تـۆوی بـاوەڕ لـە دڵـدا بڕوێنیـت ، چـونکە کاتێـك ئـەو تـۆوەت ڕواند , ئـەوا خۆشبەختی دونیا و دواڕۆژ دەچێنیت .

**( ٢ ) خۆپاراستن پێش چارەسەرکردن :**

**برای شیرینم** کام لەم دوو ڕێگایەت پێ باشترە و کامیان هەڵدەبژێریت ؟

ئایا نەفسی خـۆت بـەرەڵا بکـەیت و دەرگـا بۆئارەزووەکـان بکەیتـەوە و دوایش هەموو هەوڵ و تێکۆشانت بریتی بێت لە پاڵنان بە ئارەزووەکانتەوە ؟

یـان, هەموو دەرگایەك بە ڕووی ئارەزووەکانتدا دابخەیت و هۆکارەکانیش بەربەست بکەی ؟

بـە ڕاسـتی مرۆڤـی ژیـر و خـوا ویسـت , داخسـتنی دەرگاکـان و بەربەستکردنی هۆکارەکـان هەڵدەبـژێرێت , بـەڵکو ئەمـە تـەنها ڕێگەچـارەی شەرعیە بۆ تۆ , باشە **برای خۆم** ئایا ژیری لەوەدایە؟ یان بە شەرعی دەزانیت ؟ کـە تـۆ چـاوەکانت واڵا بێـت بـۆ هـەموو ئـەو شـتانەی کـە خـوای گـەورە قەدەغەی کردوون و پاشـانیش سـکاڵای ئارەزووەکـان بکـەیت و بنـاڵێنی لـە چنگ ئەو تاوانانەی کە دەستیان گرتووە بەسەر دڵتدا ؟

**برای موسڵمانم** ئایا ئەوە کاری تۆیە کە خۆت خەریکی گۆڤارە ئاکار ڕوخێنەرەکان بکەیت یان تەماشای فلیمە ئارەزوو هەژێنەرەکان بکەیت و پاشان بپرسی ڕێگەی داوێن پاکی لە کوێیە ؟ ئایا تۆ ڕێگەی سەرفەرازی و ڕزگار بوونت دەوێت ؟

ئەی چۆن گوێیەکانت شل دەکەیت بۆ گۆرانی ئارەزوو هەژێن و خۆشەویستی درۆینە و چەندەها شتی پڕوپووچی تر ؟

**برای لاوم** ئەگەر دەتەوێت ڕزگارت بێت ، ئەوا هەر لە سەرەتاوە ڕێگاکە بۆ خۆت کورت بکەرەوە و ئەو دەرگایە دابخە کە زیانت بۆ دێنێت , وە تۆ خۆت شارەزاترین کەسیت بە خۆت ، من نازانم کام هۆکارەیانە ! ( برادەر و هاوڕێ ، پەرتوك ، گۆڤار ، تەلەفزیۆن , کاسێت , ئینتەرنێت یان هەر شتێکی تر ...) کە دەتبات بەرەو تاوان ئەوە پێی بڵێ : تۆ بەرێگەی خۆت و منیش بەڕێگەی خۆم و ئەمە خاڵی لە یەك جیابوونەوەمانە.

## ( ٣ ) ڕێگە چارەیەکی زۆر سەرکەوتووی پێغەمبەری خوا ﷺ :

**برای لاوم** ئایا تۆ نازانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە و ئامۆژگاری هەموو ئوممەتەکەی کردووە ، ئەوەش بەوەی کە هەموو ڕێگاکانی چاکەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە و هەرچی ڕێگای خراپ و

تاوانەکانە ئاگاداری کردووینەتەوە لێی , تۆ بڵێی چارەسەرێکی بۆ ئەم گرفتە دانەنابێت ؟

بێ گومان نەخێر, پێغەمبەری خوا ﷺ ( لە جێی دایك و بابمان ) بێت دوورە لەو کردەوەیە , چونکە بەڕاستی هەموو چاکەیەکی پێشان داوین تا بە هۆیەوە بچینە بەهەشتەوە و لە هەموو خراپەیەکیش ئاگەداری کردوینەتەوە تاکو لە دۆزەخ بمان پارێزێت , هەروەکو عبداللەی کوڕی مسعودەوە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان کەوا فەرموویەتی: ( يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ ) متفق عليه .

واتە : ئەی گرۆی لاوان ، ئەو کەسەتان کە توانای (جەستەیی و خەرجی ژنهێنان )ی هەیە با ژن بهێنێت ، چونکە چاو دەپارێزێت لە تاوان و داوێنیش لە داوێن پیسی، ئەوەشتان کە ناتوانێت ، با هەوڵی ڕۆژووگرتن بدات،چونکە ڕۆژوو هۆکاری سەرکوتکردنی ئارەزووەکانە .

بەڕاستی ئەم فەرمایشتە چارەسەرێکی زۆر سەرکەوتووانەیە لە دکتۆری زانا بە دڵ و لاشەکان ﷺ .

بۆیە **برای لاوم** با بیرکردنەوەت لە ژنهێنان بە شێوەیەکی یەك لایانە و جدی بێت و لە دەست کورتی و نەداری مەترسە , چونکە خوای بلّند و بالاّ دەست و دەوڵەمەند پەیمانی یارمەتی دانی پیّ داوی , باشە کیّ لە خوای پەروەردگار ڕاستگۆترە؟ بیّ گومان کەس , گویّ بگرە بۆ ئەو پەیمانە , خوای گەورە دەفەرمویّت : ﴿وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾﴾ (سورة النور) .

واتە: ئەوانەتان کە ئازادن و ژنیان نەهێناوە ، یان مێردیان نەکردووە ، ئەوا ژنیان بۆ بهێنن( کوڕان) و بیاندەن بە شوو (کچان) ، هەروەها بەندە و کەنیزەکە چاکەکانیشتان بە هەمان شێوە ژنیان بۆ بهێنن و بیاندەن بە شوو ، ئەوەش بزانن کە ئەگەر هاتوو هەژاربوون, ئەوا خوای پەروەردگار لە چاکەی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات، خوای پەروەردگاریش موڵك و سامانێکی زۆر و فراوانی هەیە و زانایە بە حاڵی بەندەکانی .

وە دەرفەتی ئەوەشم بدە با لێرەوە هەندێك قسە بۆ باوکت بکەم و پێی بلّێم : لە خوا بترسە سەبارەت بەو کوڕە لاوەت و باش بزانە کە باشترین شت کە تۆ پێشکەش بە جگەرگۆشەکەتی بکەیت بریتی یە لە خێزانێکی

چاکەکاری موسڵمانی ڕەوشت جوان , وە ئەوەش بزانە ئەی باوك, کە نە تۆ و نە کوڕەکەشت بەرپرسیار نین لە ڕزق و ڕۆزی دانی ئەو خێزانە , بەڵکو خوای گەورە ئەو کارەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە کە ڕۆزی دەری بێت و یارمەتی بدات بە مەرجێك پێکەوە هەوڵ بدەن , وە تەنها ئەرکی تۆی باوك ئەوەیە کە هانی کوڕەکەت بدەیت بۆ ژنهێنان نەك ببیت بە لەمپەر و کۆسپێك لەو ڕێگا شەرعی و پیرۆزەیەدا .

**برای لاوم** پاشانیش دەڵێم : لەوانەیە بەهۆی چەندین هۆکارەوە توانای ژن هێنانت نەبێت , بۆیە ڕێگا چارەیەکی ترت لە پێشە کە ئەویش ڕۆژوو گرتنە , بۆچی بیر لەوە ناکەیتەوە کە سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك بە ڕۆژوو بیت ؟ یان ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە , وە ئایا ئەوە دەزانیت کە ڕۆژوو بەربەست و پارێزەر و قەڵغانە لە ئاگری دۆزەخ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:( **الصِّيَامُ جُنَّةٌ مِنَ النَّار**) صحيح سنن النسائي ( ٢٢٣٤ ) ڕۆژوو قەڵغان و پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ

وە سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیەکە بۆ زیاد کردنی پاداشت , هەروەك فەرموودەیەکی قودسیدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی کە خوای گەورە

فەرموویەتی: ( كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ إِلاَّ الصِّيَامَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ ) متفق عليه.

واتە : هەموو کردەوەکانی نەوەکانی ئادەم بۆ خۆیەتی, جگە لە ڕۆژوو نەبێت کە بۆ منە و هەر خۆمیش پاداشتی دەدەمەوە .

وە جگە لەوەش, ڕێگایەکە بۆ بە دەست هێنانی تەقوا و لە خواترسان , هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ (البقرة) .

واتە : ئەی ئەو خەڵکانەی باوەڕتان هێناوە, ڕۆژووتان لە سەر پێویست کراوە هەروەك لە سەر ئوممەتانی پێش ئێوە پێویست کراوە ، ئەوەش بۆ ئەوەی خۆپارێز بن لە تاوان .

**برای لاوم** ئایا ڕۆژوو گرتنت لە پێناو خوای گەورەدا تاقیکردووەتەوە؟ وە ئایا تینوێتیت کێشاوە لە بەر خوا لە کاتێکدا خەڵکی چێژیان وەرگرتوە لە ئاوی سارد ؟ ئەگەر تاقیت نەکردووەتەوە , ئەوا تاقی بکەرەوە و ئەنجامەکەی بزانە .

ئەوەش بزانە کە ڕۆژوو گرتن جگە لەوەی کە قەڵغانێکە لە شوێن کەوتنی ئارەزووەکان و پاداشتی گەورەشی هەیە لەلای خوای گەورە , لە هەمان کاتدا هێز و توانا و ئارام گرتنێك لە مرۆڤدا دەچێنێت کە بە هۆیەوە دەتوانیت زاڵ ببیت بە سەر ئارەزووەکان, لەوەش زیاتر دەبێتە هۆکاری دامرکاندنەوەی ئارەزووەکان, هەر بۆیە دەبێت دەست پێشخەری لەو کارە پیرۆزەدا بکەیت , خوای گەورە من و تۆش یارمەتی بدات بۆ ئەو کارە .

**( ٤ ) وریای تاوانە بچوکەکان بە :**

**برای لاوم** لەوانەیە زۆر جار نەفسی بەدکار و شەیتان وات لێبکەن کە نرخ بۆ تاوانە بچووکەکان دانەنێیت و بە شتێکی کەمیان بزانیت وە گومانیش لەوەدا نیە کە تاوانی بچووك وەکو تاوانی گەورە نیە, بەڵام ئەوەش بزانە کە:

أ / مرۆڤ زۆرجار تاوانە بچووکەکان بەکەم دەزانێت, کەچی هەر ئەو تاوانە بچووکانەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بێت لە سەریان, ئەوا ئەو تاوانانە کۆدەبێتەوە و کەسەکە لە ناو دەبات، پێغەمبەری خوا ﷺ بە دایکی ئیمانداران عائشە ـ رضي الله عنها ـ دەفەرمووێت :

(يَـا عَـائِشَةُ إِيَّاكِ وَمُحَقَّرَاتِ الأَعْمَالِ فَإِنَّ لَهَا مِنَ اللهِ طَالِبًا ) السلسلة الصحيحة ( ٥١٣ )

واتە : ئەی عائیشە, ئامان خۆت بپارێزە لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەلْك بەکەمیان دەزانن ، چونکە خوای پەروەردگار لە یادیان ناکات و خەڵکی لە سەر موحاسەبە دەکات .

هەروەها دەفەرموویت : ( إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ كَقَوْمٍ نَزَلُوا فِي بَطْنِ وَادٍ فَجَاءَ ذَا بِعُودٍ وَجَاءَ ذَا بِعُودٍ حَتَّى أَنْضَجُوا خُبْزَتَهُمْ ) السلسلة الصحيحة ( ٣٨٩ ) .

واتە : ئامان خۆتان بپارێزن لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەلْك بەکەمیان دەزانن ، چونکە نموونەی ئەو تاوانانەی کە بە کەمیان دەزانن ، وەکو کۆمەڵە کەسێك وایە کە دەڕۆنە دەشت و دۆڵێکەوە و ئەمەیان چیلکە دارێکی هێنا و ئەویتریشیان چیلکەیەکی تر ، تاوەکو بەو چیلکانە ئاگرەکەیان داگیرساند و چێشتەکەیان پێ لێنا و پێگەیشت .

وە هەروەها ( ابن معتز ) لە پارچە هونراوەیەکدا دەڵێت:

خـلِّ الذنـوب صغيرهــا وكبيرها ذاك التقى

واصنع كمـاش فوق أرض الشوك يحذر ما يرى

لا تحقـرنَّ صغيرة إن الجبــال مـن الحـصى

واتــە : واز بهێنــە و دور بگــرە لــە تاوانــە بچــووك و گــەورەكان ، ئەوەیــە خۆپارێزی و تەقوای دڵەكان.

با خۆپاراستنت لـە تاوان وەكو كاری رێبوارێـــك بێ ،

كە خۆ دەپارێزێ لـە ئازاری دڕكەكان.

نەكەی تاوانە بچووكەكان بەكەم دانێیت ، چونكە لە گچكە بـەردن هـەموو شاخ و كێوەكان.

ئایا تۆ ئەو چیا بەرز و بڵندانەت نەبینیوە ؟ بێ گومان پێك هـاتوون لـە ژمارەیەكی زۆر بەردی بچوك ، كە یەك لە سـەر یـەك كۆبونەتـەوە و ئـەو چـیا گەورانەیان لـێ پێك هـاتوە , بۆیـە تـۆش هـەر بـەو شـێوەیە سـەیری تاوانـە بچوكەكانی خۆت بكە و بە كـەمی مەزانـە ، چـونكە كۆئەبێتـەوە بەسـەرتدا و بارگرانت دەكات .

خــوای گــەورە دەفــەرموویت : ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الأنبياء) .

واتــە : لــە ڕۆژی دوایـدا بـۆ هـەموو کەسـێك تـەرازو و میزانـی دادوەری دادەنێین ، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ستەمێکی گەورە یان بچووك بکرێت لە هیچ کەسێك ، جا ئەو کەسەی کە تۆسقاڵە زەڕەیەکی کردبێـت ـ چاکە بێـت یـان خراپە ـ ئەوا لەو ڕۆژەدا بەرچـاوی دەخـەین و حیسـابی لـە گەڵـدا دەکـەین ، ئێمەش بەسین بۆ ئەو ڕۆژە کە حیساب لە گەڵ خەڵکدا بکەین .

ب / ئەوە لە یاد مەکە کە تۆ لە جەنگێکی نە بڕاوە و بەردەوامدایت لە گەڵ دوژمنێکی سەر سەخت ، کە بە هەموو شێوەیەك بانگت دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان و هەموو ڕێگەیەك دەگرێتەبەر بۆ گومڕاکردنی تۆ ، وە هەر ئەویشە ووتویەتی : ﴿ ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ ﴾ (الأعراف) .

واتـە : ئـەبێ لـە پـێش و پـاش و لای ڕاسـت و لای چـەپیانەوە هـەوڵی هەڵخەڵەتاندنیان بدەم و زۆربەیان والێ بکەم کە شوکرانە بژێری نیعمەتەکانت نەبن .

وە ئەوەشـت لـەلا شـاراوە نیـە کـە ئەنجامـدانی تـاوان ، مانـای لاوازی ئیمانەکەتە ، ئەو ئیمانەی کـە وەك قـەلاّ و بەربەسـت وایـە دژی ئـەو دوژمنـە سەرسەختەت .

بە شێوەیەکی ڕوونتر , هەرکاتێك تۆ تاوانەکانت بەکەم زانـی و گوێـت پـێ نەدان ، ئەوا لاوازتر دەبیت بەرامبەر ئـەو دوژمنـە و لەئاکامیشـدا زاڵ دەبێـت بەسـەرتدا , خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ (النحل) .

واتە : شـەیتان هـیچ جـۆرە دەسـەڵاتێکی نیـە بەسـەر ئـەو بەندانـەی کـە باوەڕی تەواویا ن هەیـە و پشـت دەبەسـتن بـە خـوای پـەروەردگاریان ، ئەوـ شەیتان ـ تەنها دەسەڵاتی بە سەر ئەو کەسانەوە هەیە کە شوێنی دەکەون و ئەیکەن بە هاوەڵی خوای پەروەردگار و دەیپەرستن .

بۆیە **برای ژیرم** تۆ کاتێك تاوانەکان بەکەم سەیر دەکەی ، ئەوا دڵی دوژمنە سەرسەختەکەت خۆش دەکەیت و چەکێکی دەدەیتێ کە هەر بەو چەکە لە گەڵتدا بجەنگێ .

ج / **برا بەڕێزەکەم** وازت لێ ناهێنم لە سەر ئەوەی کە دەبێ تۆ تاوانەکان ـ با بچوکیش بن ـ بەکەم نەزانی , بۆچی ؟ چونکە ئەگەر وات کرد ئەوا قێزەونی تاوانەکان لە دڵتدا نامێنێت و ڕادێی لە گەڵیدا و دواتریش تووشی تاوانی گەورە و لە ناو بەر دەبیت .

تۆ بڕوانە ئەو دوژمنەت چۆن تەنانەت هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ تووشی تاوانی گەورە کرد کەئەویش تاوانی پشت هەڵکردن بوو لە دوژمن لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەیاندا لەگۆڕەپانی جەنگ ، هۆیەکەشی تاوانی بچووك بوو , خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرمووێت :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ١٥٥ ﴾(آل عمران) .

واتە : ئەو کەسانەتان کە لە کاتی ڕوو بە ڕوو بونەوەی دوو کۆمەڵەکە (موسڵمانان وکافران) پشتیان هەڵکرد لە دوژمن ، ئەوە شەیتان بوو تووشی ئەو گوناهەی کردن بە هۆی هەندێك لەو تاوانانەی کە پێشتر کردبوویان ، بەڵاّم خوای پەروەردگار لێی خۆشبوون ، خوای پەروەردگاریش لێبووردە و حەلیمە بەرامبەر بە بەندەکانی .

ئەوانە کۆمەڵێك بوون خوای گەورە لێیان خۆش بوو , بەڵاّم ئێمە نازانین خوای گەورە چیمان بە سەر دێنێ ، داواکارم لە خوای پەروەردگار کە بە بەزەیی و لێبوردەیی خۆی مامەڵەمان لە گەڵدا بکات و لێمان خۆش بێت .

بۆیە **برا شیرینەکەم** باش بزانە کە سەیرکردنی ئافرەتانی نامەحرەم و هەموو پێشەکیەکانی تر ، ڕێگەیەکی کورت و ئاسانن بۆ خراپە , ئەو خراپانەش ڕێگەیەکن بۆ کەوتنە ناو داوی تاوانە گەورەکان و نەمانی بێزراویی تاوان لە دڵدا ۞ .

---

۞ شاعیر أحمد شەوقی لە دێڕە شیعریکدا بەجوانی قۆناغەکانی چوون بەرەو تاوانی گەورەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە دەڵێت :

نظرة فابتسامة فسلام فكلام        فموعد فلقاء فلفعل القبيح

واتە سەرەتا بینین و سەیرکردنە ، دواتریش زەردەخەنە گۆڕینەوە ، دواتر سلاّو

## ( ٥ ) هەستکردنێکی تەواو بە چاودێری خوای پەروەردگار :

**برای خۆشەویستم** ئایا دەتوانی بەبێ بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشت هیچ تاوانێك بکەی ؟ لەوانەیە پرسیار بکەیت و بڵێی : مەبەست لەم پرسیارە چیە ؟ وە بۆچی ئەم پرسیارە سەبارەت بە ئەندامەکان دەکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێم : ئایا تۆ ئەوە نازانیت کە ئەندامەکانی لەش و ئەو چوست و چالاکیەش کەمرۆڤ هەیەتی هەمووی بەخشینێکە لە لایەن خوای گەورە وە پێی بەخشراوە ؟ جا ئایا ئەوە بەسوپاس گوزاری خاوەن بەخشش دەزانی کە ئەو بەخششانە لە ڕێگەی خراپ و پشتکردن لە فەرمانەکانی خوا بەکار بێنی؟ وە لێرەشدا شتێکی تر هەیە کە پێویستە درکی پێ بکەیت , با پێکەوە ئەم ئایەتە بخوێنینەوە, خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾﴾ (فصلت) .

---

کردن و دوای ئەوەش قسە لە گەڵ یەك کردن ، و دواتریش بەڵێن بۆ یەکبینین و دواتریش کردەوەی خراپ و کەوتنە ناو تاوانی گەورەوە. خوای گەورە و میهرەبان هەموومان بپارێزێت .

واتە : تاوانباران بە ئەندامەکانی لەشیان دەڵێن : بۆ چی گەواهیتان لەسەردراین ، ئەوانیش دەڵێن : ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی هێناوەتە گفت و قسەکردن ، هەر ئەوە ئێمەشی هێنایە گفت ، هەر ئەویش بوو کە یەکەم جار ئێوەی هێنایە بوون وە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە؟

بەڕاستی ڕووداوێکی ترسناك و ڕووبەڕوبونەوەیەکی سەخت و ناهەموارە , ڕۆژێك کە ئەندامەکانی ئەم لاشەیە گەواهیت لەسەر دەدەن ، لە کاتێکدا ئەوان لە هەموو شتێکی تر زیاتر چێژیان لە تاوانەکە وەرگرتووە ، کە چی لەو ڕۆژەدا گەواهیت لە سەر دەدەن !

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ پێدەکەنێت, هاوەڵان لێیان پرسی ئایا هۆی ئەو پێکەنینەی چی بوو ؟ ئەویش فەرمووی :

( ضَحِكْتُ مِنْ مُخَاطَبَةِ الْعَبْدِ رَبَّهُ يَقُولُ يَا رَبِّ أَلَمْ تُجِرْنِي مِنَ الظُّلْمِ ؟ قَالَ يَقُولُ بَلَى ، قَالَ : فَيَقُولُ فَإِنِّي لاَ أُجِيزُ عَلَى نَفْسِي إِلاَّ شَاهِدًا مِنِّي ، قَالَ فَيَقُولُ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ شَهِيدًا وَبِالْكِرَامِ الْكَاتِبِينَ شُهُودًا ، - قَالَ - فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ ، فَيُقَالُ لأَرْكَانِهِ انْطِقِي ، قَالَ فَتَنْطِقُ بِأَعْمَالِهِ - قَالَ - ثُمَّ يُخَلَّى بَيْنَهُ

وَبَيْنَ الْكَلاَمِ - قَالَ - فَيَقُولُ بُعْدًا لَكُنَّ وَسُحْقًا ، فَعَنْكُنَّ كُنْتُ أُنَاضِلُ ) مسلم (٢٩٦٩) .

واتە: پێکەنینم دێ بە وتووێژی بەندەی تاوانبار لە گەڵ خوای پەروەردگار، کە بە خوای پەروەردگار دەڵێن : پەروەردگارا مەگەر تۆ نەتووت ستەمتان لێ ناکەم؟

خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: بەڵێ ، ئەویش دەڵێت: کەوابێ من تەنها بە گەواهی دانی خۆم ڕازیم، خوای گەورەش دەفەرموێت : ئەمڕۆ خۆت و فریشتەی نووسینی کردەوەکان بەسن بۆشایەتیدان لە سەر کردەوەکانت ، پاشان دەمی دادەخرێت و بە ئەندامەکانی جەستەی دەوترێت: بێنە قسەکردن! ئەندامەکانیش هەموو کردەوەکان ئاشکرا دەکەن، ئەنجا بواری بەندە دەدرێت کە بدوێت ، ئەویش لەو کاتەدا بە ئەندامەکانی دەڵێت : دەك دووربن و لە ناو بچن ، خۆ من لە پێناو ئێوە تێ دەکۆشام و بەرگریم دەکرد .

بۆیە **برا شیرینەکەم** ئەوەت لە بیر بێت کاتێك نەفست بانگت دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوانێك ، ئەو ئەندامانەی جەستەت کە چێژ لەو تاوانە وەردەگرن ، هەر ئەوانن دەبن بە یەکەم گەواهیدەر ( شایەت) بە سەرتەوە لە ڕۆژی دوایی و لە بەرامبەر خوای گەورەی پەروەردگار کە هیچ شتێکی لێ شاراوە

نیـە ، وە ئێستـا دووبـارە دەپرسـم : ئایـا دەتـوانی بـەبێ بـەکارهێنانی ئەندامەکانت هیچ تاوانێك ئەنجام بدەی ؟!

خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَـٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَـٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾﴾ (فصلت) .

واتـە : ئـەوە ئێـوە لـە خـوا نەدەترسـان و گومانتـان هـەبوو لـەوەی کـە چـاوەکان و گوێیـەکان و پێسـتتان گـەواهیتان لـە سـەر بـدەن ، بـەڵکو گومانیشتان وا بوو کە خوای پەروەردگار بە ئاگا نیە لە زۆر لە کردەوەتان .

**( ٦ ) ئایا دەتوانیت لە کاتی تاوانکردندا خۆت لە خوای گەورە بشاریتەوە؟**

**برام** تۆ کاتێك دەرگا لە سەر خۆت دادەخەیت ، بەشێوەیەك کە کەس ناتبینێت ، لەو کاتەشدا پاڵنەرە شاراوەکانی ئارەزوو دێنەچالاکی و جووڵان و بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن کە لە ڕێگەیەوە بڕونە دەرەوە , ئا لەو کاتەدا و پێش ئەوەی ئەندامەکانت بخەیتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێك , بیر لەوە بکەرەوە کە خوای گەورە دەتبینێ و دەزانێ چی لە ناختدا هەیە, خوای گەورە دەفەرموویێت : ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ ٱلْكَبِيرُ ٱلْمُتَعَالِ ﴿٩﴾

سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ ﴿١٠﴾ (الرعد) .

واتە : خوای گەورە زانایە بە هەموو بینرا و و پەنهانییەك و لە هەموو شتێك گەورەترە و بلند و بالادەستە بە سەر هەموو شتێکدا ، یەکسانە بە لای ئەوەوە ئەگەر ئێوە ووتەی ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە ، یان لە تاریکی شەودا تاوان بکەن یان بە ئاشکرا و لە ڕۆژی ڕووناکدا ئەنجامی بدەن .

بۆیە **برام خۆم** تۆ ئەگەر لەو کاتەدا ئەم ڕاستیە بێنیتە یاد و پێش چاوی خۆت ئەوا هەرگیز ناوێری تاوانەکە بکەی ، شاعیر دەڵێت :

وإذا خلوت بريبة في خلوة   والنفس داعية إلى العصيان

فاستحيي من نظر الإله وقل لها   إن الذي خلق الظلام يراني

واتە : ئەگەر لە کاتی خەڵوەت و تەنیاییدا تووشی دڵە ڕاوکێیەك بووی و نەفست بۆ لای تاوان ڕای دەکێشایت, ئەوا شەرم بکە لە وەی کە خوای پەروەردگار دەتبینێت و بە نەفست بڵێ : ئەی نەفسی بەدکارم ئەوەی کە تاریکی درووست کردووە دەمبینێت .

### ( ٧ ) ـ ئەمەیان لە بیر مەکە !

**برای ژیرم** لەوانەیە لە بیرت بێ کە ئێمە لە باسکردنی هۆکارەکان ڕێککەوتین لە سەر ئەوەی کە هاوڕێی خراپ یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی کەوتنە ناو قوڕ و چلّپاوی ئارەزووەکانەوە , هەروەها لە سەر ئەوەش ڕێك کەوتین کە بەبێ هیچ دوو دلّی و دوا خستنێك و زۆریش بە خێرایی ئەو هاوڕێ خراپانە بەجێ بهێلیت ، زیاد لەوەش داوام لێ کردیت کە دوور بیت لە تەنهایی ، پێم وایە ئێستا لێم دەپرسیت و دەڵێی : چی بکەم و چارەسەر چیە ؟ بە ڕاستی پرسیارەکەت لە جێی خۆیەتی و پێویستە منیش ئەو پرسیارەت پشت گوێ نەخەم , بۆیە دەڵێم : تۆ جێگرێك ( بدیل )ت لە پێشە کە زۆر سوود مەندتر و زۆریش لەو شتە باشترە کە پێم ووتی وازی لێ بێنە ، بەڵکو بەراورد ناکرێن لەگەڵ یەکدا .

ئەویش هاوڕێی چاك و چاکەکار و خوا ویستە ، کە بزەی ڕاستەقینە هەر لای ئەوان دەبینی و گاڵتە و گەپێك دەکەی کە نەبێتە هۆی تووڕە بوونی خوای گەورە , وە ئەگەر هیچت بیستبێ دەربارەی ڕەوشت جوانی و خۆبەخشین و ئارامگرتن و بەخشین و .... هتد ، ئەوا لەلای ئەم جۆرە

هاوڕێیانە بەچاوی خۆت دەیبینی و هەستی پێ دەکەی . ئایا دوای هەموو ئەمانە دوو دڵی لە هاوڕێیەتیان؟ نەخێر باسەکە لێرەدا کۆتایی نایەت .

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە باشترین و خواپەرسترینی هەموو مرۆڤە فەرموویەتی:﴿ وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ ٢٨ ﴾ (الكهف) .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئارام بگرە لە گەڵ ئەوانەدا کە بەیانیان و ئێواران زیکری خوای پەروەردگار دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە ، مەبەستیشیان لە هەموو ئەوەدا ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە و هیچی تر ، چاو مەبڕە کەسی تر جگە لەوان .

وە پێشەوا بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەخشندەترین کەس بووە بۆ خێر و چاکە کردن ، بە تایبەتیش لە مانگی ڕەمەزان و لە کاتی گەیشتنی بە جبریل دا (علیه السلام ), دەبینیت کە خودی پێغەمبەر ﷺ چۆن سوودی لە هاوڕێی چاك وەرگرتووە , چ جای من و تۆ ؟ نەخێر باسەکە لێرەشدا کۆتایی نایەت .

تۆ کاتێك هاوڕێیەتی ئەوانە دەکەیت و هەڵیان دەبژێری بەسەر خەڵکانی تردا ، ئەوا هەرکاتێك و بەتایبەتیش لە کاتی تەنهایی ئەگەر نەفسی بەدکارت بانگت بکات بۆ کاری خراپە و تاوان , ئەوا لەو کاتەدا ئەو هاوڕێیانەت دێتەوە یاد و هەست بە شەرم دەکەیت کە ئەو تاوانە ئەنجام بدەیت و دواتریش لە گەڵ ئەو هاوڕێ بەڕێزانە کۆ ببیتەوە و لە گەڵیاندا دابنیشیت , تەنانەت ئەگەر توشی تاوانێکیش بووی ئەوا لە کاتی بینینی ئەواندا نەفست بەشێوەیەکی توند سەرزەنشتت دەکات و پێت دەڵێت : چۆن لە پەنهانی دا ئەوەت کرد و ئەوەت کرد و ئێستاش خۆت چۆن پیشان دەدەیت , تۆ لە کوێ و ئەم هاوڕێیانەت لە کوێ ؟ باسەکە لێرەشدا هەر کۆتایی نایەت.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕۆژی ڕاچڵەکانی گەورە و لە ڕۆژی دواییدا ، ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی لە برا و دایك ڕادەکەن و خۆیان دەشارنەوە و هەموو کەس خەمی خۆیەتی و خزمایەتی نامێنێت و پەیوەندیەکانی ئەم دونیایە هەمووی دەپچڕێ ، هەروەك خوای گەورە لە وەسفی ئەو ڕۆژە سەختەدا دەفەرموێت : ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَـٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَـٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾﴾(الفرقان) .

واتە : ڕۆژێك دێت كە ستەمكار دەستەكانی خۆی بگەستێت لە پەشیمانیدا و بلێت : خۆزگە هەمان ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەرم بگرتبایەتە بەر ، خۆزگە فلان كەسم نەكردبایەتە هاوەڵ و شوێنی نەكەوتمایە .

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿إِذۡ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ ١٦٦﴾ (البقرة) .

واتە : لە ڕۆژی دواییدا گەورە و دەسەڵاتدارانی ستەمكار تەبەڕا دەكەن لە شوێنكەوتووانیان و هیچ پەیوەندییەكی خزمایەتی یان دۆستایەتی یان هەر پەیوەندیەكی تریان لە نێواندا نامێنێت .

بەڵام تۆ كاتێك هاوڕێیەتی چاكە كاران دەكەیت ئەوا بە ویستی خوای پەروەردگار لەو كۆمەڵەیە دەبیت كە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێت ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ٦٧﴾ (الزخرف) .

واتە : هاوڕێ و دۆستانی دونیا لەو ڕۆژەدا هەموو دوژمنی یەكن جگە لە خۆپارێزەران و لە خوا ترسان نەبێت .

وه بـه ویسـتی خـوا لەوانـه دەبیـت کـه پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەربارەیـان فەرموویەت ( سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ ... وَرَجُلاَنِ تَحَابَّـا فِي اللهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ ) البخاري ( ١٤٢٣ ) .

واتـه : حـەوت کـەس و کۆمـەڵ هـەن لـه ڕۆژی دواییدا لـه ژێر سـێبەری عەرشی خوای پەروەردگارن ، له ڕۆژێکدا که جگه لـه سـێبەری عەرشـی خـوا هیچ سێبەرێکی تر نیه .... له وانه دوو کەس که لـه بـەر خـوای پـەروەردگار یەکتریان خۆش ویستبێت ، هەر له سـەر ئـەوە کـۆ ببنـەوە و لـه یـەکتر جیـا ببنەوە.

( ٨ ) **پاڕانەوە , چەکی ئیمانداره :**

به ڕاستی نزا و پاڕانەوە (الدعاء) چەکێکه که هەرگیز بێ هیوات ناکات و هەموو بەندەیەکی خوای پەروەردگار پێویسته هەردەم و بەتایبەتیش له کاتی تەنگانه و له کاته ناخۆش و سەختەکان پەنای بۆ ببات, خوای گەوره دەفەرموێت:

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠ ﴾ (غافر) .

واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی : لیّم بپاڕێنەوە وەلاّمتان دەدەمەوە، ئەوەشتان خۆبەزل بزانێت لە پەرستنی مندا ، ئەوا بە سەر شۆڕی و زەلیلی دەیخەمە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

خۆ ئەو کەسەی کە تەنگی پێهەڵچنراوە و لەتەنگانەدایە ئەوە شایستەترە بەوەی کە وەلاّم بدرێتەوە , هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت :

﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ (النمل) .

واتە : کێ دەچێت بە هانای کەسێکی پێویست بوو بـە یارمـەتی ، ئەگـەر هاواری تێبکات ؟ وە خراپەی لە سەر هەڵدەگرێت؟ واشتان لێ دەکات کە ببن بە جێگری یەکتر لەسەر زەوی، ئایا هیچ پەرستراوێکی تر لە گەڵ خوادا هەیە ؟ کەمێکتان بیر دەکەنەوە ؟

وە ئەمەش کە دێت پەیمانی پێغەمبەرەکەتە ﷺ کە بەو پەڕی دڵنیاییەوە بڕوات بە فەرموودەکانی هەیە وچاوەڕێی ئەوەت لێ ناکەین کە هیچ گومانێکت بەرامبەر بە ووتەکانی هەبێت، جا برام گوێبیستی یەکێك لە فەرموودەکانی بە کە دەفەرمووێت :

( مَا عَلَى الأَرْضِ مُسْلِمٌ يَدْعُو اللهَّ بِدَعْوَةٍ إِلاَّ آتَاهُ اللهُّ إِيَّاهَا أَوْ صَرَفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثْلَهَا )صحيح سنن الترمذي ( ٣٥٧٣ ) .

واتـە : هـیچ موسـڵمانێك نیـە لـە سـەر زەوی کـە لـە خـوای پـەروەردگار بپاڕێتەوە ، هەر پاڕانەوەیەك بێت ، مەگـەر خـوای پـەروەردگار ئـەو داوایـەی پێـی دەبەخشـێت ، یـان خراپـەیـەك بـە ئەوەنـدەی داواکارییەکـەی لـە سـەر لادەبات .

دەی ئایا پێغەمبەرانی خوا ﷺ سەرمەشق و چاو لێکەر و ڕابەری چاکە نین بۆ تۆ ؟

ئەوەتا یوسف ﷺ لە تەمەنی لاوێتیدا تووشی تاقیکردنەوە دەبێت و دەستی ملکەچی و پاڕانەوەی بۆ لای خوای گەورە بەرز دەکاتەوە و پاشان دەفەرمووێت : ﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾ (یوسف) .

واتە : پەروەردگارا,بەندیخانە و زینـدانم زۆر لا خۆشەویسـترە لـە کـرداری داوێن پیسی و زیناکردن کە داوام لێ دەکەن ، جا ئەگەر تۆ فێڵ و تەڵەکـەیانم لێ دوور نەخەیتەوە ،ئەوا مەیلم بۆ لایان دەچێت و لە نەفامان دەبم.

ئایا دەزانی ئاکام چی بوو ؟ ئەم ئایەتەی دواتر لە گەڵمدا بخوێنەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ فَٱسۡتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنۡهُ كَيۡدَهُنَّۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٤﴾ ﴾ (یوسف) .

واتە : خوای پەروەردگار پاڕانەوە و دوعاکەی وەڵام دایەوە و فێڵ و تەڵەکەیانی لێ دوور خستەوە ، خوای پەوەردگاریش بیسەر و زانایە بە هەموو شتێك .

جا **برام** ئایا تۆ پاڕانەوەت تاقیکردووەتەوە ؟ ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستی ملکەچیت بۆ لای پەروەردگار بەرز کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە خراپە و سەرشۆڕی بتپارێزێت و لە تاوان لات بدات؟

بۆیە **برای لاوم** بە دڵێکی پاك و ملکەچەوە لە خوای گەورە بپاڕێوە و هیچ پەلەت نەبێت لە وەڵامدانەوەی پاڕانەوەکەت .

## ( ٩ ) ئایا هیچت بیستووە سەبارەت بە ئافرەتانی بەهەشت ؟

ئەوەی کە خوای گەورە لە بەهەشتدا بۆ ئیماندارانی ئامادە کردووە, نەچاو بینیویەتی و نە گوێ دەربارەی بیستووە و نە بە خەیاڵی و دڵی کەسیشدا هاتووە ، یەکێك لەو بەخشش و خۆشیانەش بریتیە لە ئافرەتانی

بەهەشت کە مرۆڤ هەرچەندە ڕەوانبێژ و قسەزان بێت ناتوانیٚ وەسفی جوانیان بکات , خوای گەورە لە وەسفیاندا دەفەرموویٚت : ﴿ إِنَّآ أَنشَأۡنَٰهُنَّ إِنشَآءٗ ٣٥ فَجَعَلۡنَٰهُنَّ أَبۡكَارًا ٣٦ عُرُبًا أَتۡرَابٗا ٣٧ لِّأَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ٣٨ ﴾ (الواقعة) .

واتە : ئێمە ئەو حۆریانەمان دروست کردووە و کردوومانن بە کچی عازەب ، خۆشەویستن لە لای مێردەکانیان و هەموویان هاوتەمەنی یەکن ، دانراون بۆ ئەوانەی کە کتێبی کردەوەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان .

هەروەها دەفەرموویٚت : ﴿ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٞ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنّٞ ٥٦ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ٥٧ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ٥٨ ﴾ (الرحمن) .

واتە :ئافرەتانێکی وا هەن لە بەهەشتدا کە تەنها چاو دەبڕنە مێردەکانیان، پێشتر نە مرۆڤ و نە جنۆکە نزیکیان نەبوونەتەوە، جا چ بەخششێکی خوای پەروەردگار بە درۆ دەخەنەوە ؟ ئەو ئافرەتانە هەر وەکو یاقوت و مەرجان وان لە جوانی و ناسکیدا .

**هەروەها أنسی کوڕی مالك ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

( لَغَدْوَةٌ فِي سَبِيلِ اللهَّ أَوْ رَوْحَةٌ خَيرٌْ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ، وَلَقَابُ قَوْسِ أَحَدِكُمْ أَوْ مَوْضِعُ يَدِهِ فِي الجْنََّةِ خَيرٌْ مِنَ الدُّنْيَا ، وَمَا فِيهَا وَلَوْ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ نِسَاءِ أَهْلِ الجْنََّةِ اطَّلَعَتْ إِلَى الأَرْضِ لأَضَاءَتْ مَا بَيْنَهُمَا وَلمَلأَتْ مَا بَيْنَهُمَا رِيحًا وَلَنَصِيفُهَا عَلَى رَأْسِهَا خَيرٌْ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ) البخاري : (٢٧٩٦) .

واتە : ئەگەر کەسێك لە کاتی بەرەبەیان تاکو نیوەڕۆ ، یان لە کاتی دوای نیوەڕۆ تاکو خۆر ئاوا دەربچێت بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار ، ئەوە ئەو کردەوەیە خیرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی ، وە جێگەی تیروکەوانی یەکێکتان لە بەهەشتدا خیرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی ، وە ئەگەر یەکێك لە ئافرەتانی ئەهلی بەهەشت دەرکەوێت لە سەر زەوی ، هەموو سەر زەوی بۆن خۆش دەکات و ئەو پارچە قوماشەش کە دەیدات بە سەریدا خیرتر و چاکترە لە هەموو دونیا و ئەوەش کە تیایەتی.

هەروەها أبو هريرة ﵁ بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ أَوَّلَ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ ، وَالَّتِي تَلِيهَا عَلَى أَضْوَإِ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ ، لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ زَوْجَتَانِ اثْنَتَانِ يُرَى مُخُّ سُوقِهِمَا مِنْ وَرَاءِ اللَّحْمِ ، وَمَا فِي الْجَنَّةِ أَعْزَبُ ﴾ البخاري (٣٢٤٥)

واتە : یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە لە سەر شێوەی مانگی چواردە دەبن ، ئەو کۆمەڵەی کە لە دوای ئەوان دێن لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەی ئاسمان دەبن ، وە هەرکەسەو دوو هاوسەری دەبێت لە بەهەشتدا ، مۆخی ناو ئێسکەکانیان لەو دیوی گۆشتیانەوە دیارە, لە بەهەشتدا کوڕ و کچی عازەب نیە، بەڵکو هەموو ژن دار و خاوەن مێردن .

بۆیە **برام** ئەگەر توانیت , بەراوردێك بکە لە نێوان ئەو خۆشیە نەبڕاوە و کۆتایی نەهاتووە ، لە گەڵ چێژە خێرا بەسەر چووەکانی ئەم دونیایە کە بێ گومان ئاکامی پەشیمانی و ناڕەحەتیە , بۆیە جارێکی تر پێت دەڵێم : تۆ کاتێك خۆت لەو ئارەزووە خێرا بەسەرچووانە دەپارێزیت ، ئەوا بەویستی خوای میهرەبان ئەو خۆشیە نەبڕاوەیە دەچێژیت لە بەهەشتدا , بۆیە بەڕاستی بیر لەو نیعمەتە هەتاهەتاییە بکەرەوە و بەراوردێك بکە لە نێوان ئەم

دووکارە ، کە بێ گومان خاوەن ژیرییەکی ئەوتۆی کە پاڵت پێوە بنێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا .

**( ١٠ ) ئایا حەز ناکەی لەو کۆمەڵە بیت ؟**

**برا خۆشەویستەکەم** ئایا تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ووتەیەی خوای گەورەت خوێندوەتەوە کە لە وەسفی ئیماندارانددا دەفەرموێت :

﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ
مُعۡرِضُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ٤ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ
حَٰفِظُونَ ٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ٦ فَمَنِ
ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ٧ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ٨
وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ٩ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ١٠ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ
ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١١﴾ (المؤمنون) .

واتە : بە ڕاستی باوەڕداران سەرفراز و سەرکەوتوون لە ڕۆژی دواییدا ، ئەوانەی کە دڵکزیان ( الخشوع ) هەیە لە نوێژەکانیاندا و خۆیان دەپارێزن و پشت لە قسەی پڕوپوچ دەکەن و زەکاتی ماڵ و سامانیان دەدەن بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار لە سەری پێویست کردوون وە ئەوانەی کە

داوێنیـان  دەپـارێزن لـە زینـاکردن ، جگـە لـە جـووت بـوون نـەبێت لـە گـەڵ خێزانەکانیان و ئەو ئافرەتانەش کە بۆیان حەڵاڵن لـە کـەنیزەك ، ئـەوەش هـیچ گلەییان ناهێنێتە سەر چـونکە حـەڵاڵی خۆیـانن  .... ، ئەوانـەن کـە بەهەشـتی بەرینی خـوای پـەروەردگار بـە دەسـت دێنن و بـە هـەتا هـەتایی نیشـتە جێـی فیردەوس دەبن .

ئایا حەزناکەی لەوکۆمەڵەیە بیت ؟ بـێ گومـان بـەڵێ , بۆیـە دەبـێ پەلـە بکەی لەوەی کە سیفاتەکانیان وەربگریـت, لەوانـەش پاراسـتنی داوێنـت لـەو شتانەی کەخوای گەورە قەدەغەی کردوون .

**گوێ بگرە بۆ ئەوەی نموونەیەکی ترت بۆ بگێڕمەوە :**

گـەنجێك دوور لـە مـاڵی خـۆی دەژیـت , لـە مـاڵێکی پابەنـد نـەبوو بـە ئەحکامەکانی شەرع و لە لای ژنێکی خاوەن پلەو پایـە و جـوانی , ڕۆژێکیـان ئەم ژنە داوا لە گەنجەکە دەکات بۆ ئەوەی داوێن پیسی لـە گەڵدا بکـات, بـە شێوەیەك کـە کـەس نـەیانی دەبینـی , زیـاد لـەوەش ئافرەتەکـە هەڕەشـەی ئەوەی لێ کرد کە هەر دەبێ ئـەو کارەی لـە گەڵدا بکـات , لـە گـەڵ هـەموو

ئەمانەش گەنجەکە وەلامـی دایـەوە و فـەرمووی ﴿مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣﴾ (يوسف) .

واتـە : پـەنا دەگـرم بـە خـوای پـەروەردگار لـەو داواکارییـەت ، چـونکە مێردەکەی تۆ گەورە و بە خێوکارمە و ڕێزی لێ ناوم ، ئیستا چۆن خیانـەتی لێ بکەم ، ئەو کـارەش کـە تـۆ داوام لێ دەکـەی سـتەمە و ئـەو کەسـەش کـە ستەم بکات هەرگیز ڕزگاری نابێت .

ناسیتەوە ئەو گەنجە کێیە ؟ گومـانم لـەوەدا نیـە کـە ناسـیتەوە . باشـە پێتخۆش نیە چاو لەو پێغەمبەرە بەڕێزەی خوا بکەیت و بیکەیتـە سەرمەشـق و ڕابەری خۆت؟

وە نموونەیەکی تریش هەیە کە لەوانەیە بە سەرتدا ڕاست ببێتەوە ، لە ڕۆژی دوایی لەو کاتەی کە خۆر نزیك دەبێتەوە لە خەڵکی بە ئەندازەی میلێك و خەڵکیش بە ئەندازەی تاوانەکانیان نوقمی ئارەقیان دەبن , کەچی لێرە و لەم دیمەنە ناخۆشەدا کەسانێك هەن کە خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، یەکێکیان (شاب نشأ في طاعة الله) واتە : لاوێك کە لە ناو دینداریدا پەروەردە بوو بێت .

وە تۆش **برای لاوم** لە وانەیە یەکێك بیت لەوانە کاتێك کە سنورەکانی خوای گەورە دەپارێزێت .

## ( ١١ ) بێ ئومێد مەبە :

**برای لاوم** تۆ لەوانەیە لەو کەسانە بیت کە لە ڕابردوودا خراپەت کردبێ و کەوتبیتە داوی شەیتانەوە ، ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بووە کە نەفسی بەدکارت بانگی کردبیت بۆ ئەنجامدانی تاوانێك و تۆش زۆر بە سانایی گوێ ڕایەڵیت کردبێت , ئەمە نابێ وات لێ بکات کە تووشی بێ ئومێدی ببیت، وە باش بزانە کە هەرچیت کردبێ , ئەگەر بەڕاستی گەڕایتەوە و تەوبەت کرد ئەوا خوای گەورە وەری دەگرێت و تاوانەکانت دەسڕێتەوە, مەگەر خوای گەورە نافەرموویت ﴿ قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ (الزمر) .

واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو بەندانەم بڵێ کە تاوانیان کردووە و ستەمیان لە خۆیان کردووە ، بێئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار

، بەڕاستی خوای گەورە لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێت و لێبووردە و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەکانی .

بۆیە ڕێگە نەدەیت بە شەیتان کە بە زۆری و گەورەیی تاوانەکان بێ هیوات بکات و زیاتر دوورت بخاتەوە لە خوای گەورە, وە بزانە کە کەس نیە تاوان ئەنجام نەدات , بەڵام باشترینی تاوانبارانیش ئەوانەن کە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە, بەڵکو هەندێ جار هەروەکو ئیبن تیمیە –بە ڕەحمەت بێ – دەڵێت :

( رب معصية اورثتك ذلا وتوبة خير من طاعة اورثتك فخرا وتكبرا ) .

واتە: زۆرێك تاوان کە سەرکزی وپەشیمانی و تەوبە بەدوای خۆیدا دێنێت باشترە لە چاکەیەك کە فیز و خۆ بە گەورەزانین بە دوای خۆیدا دێنێت .

## بۆ هەموو باوك و دایك و مامۆستایەك

لەوانەیە دوورکەوتنەوەی ئێوە لە تەمەنی لاوێتی , هەندێك لەوشتانەی لە بیرتان بردبێتەوە کە بەسەر گەنج دا دێت لەم قۆناغە سەختەدا لە فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان , وە لەوانەیشە لە ماوەی ڕابردوودا هەستتان بەهیچ

مەترسیەك نەكردبێت بۆ سەر ڕۆڵەكانتان ، جا ئەوەتان یاد دەخەمەوە كە بیر لەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بكەنەوە كە دەفەرمووێت ( كُلُّكُمْ رَاعٍ ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، فَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ). البخاري ( ٧١٣٨) .

واتە : هەمووتان كاربەدەستن وسەرپەرشتیارن و هەمووشتان بەر پرسیارن بەرامبەر بە ژێردەستەكەتان ، پیاو كاربەدەستە بە سەر ئەهل و بەیت وماڵەكەیدا و بەر پرسیارە لە ژێر دەستەكەی .

وە پێش ئەوەش , بیر لەو وتەیەی خوای گەورە بكەنەوە كە دەفەرمووێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾ (التحريم).

واتە : ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە ، خۆتان و كەسو كارتان بپارێزن لە ئاگرێك كە سووتەمەنیەكەی بریتیە لە بەرد و مرۆڤ ، جۆرە فریشتەیەكی تووڕە و توونـد و تیژی بەسەرەوەیە كە هەرگیز سەرپێچی خوای پەروەردگار ناكەن و بە هەرچی فەرمانیان پێ بكات بەئەنجامی دەگەیەنن.

له یه‌كێك له‌و ڕاپۆرتانه‌ی كه‌ رۆژنامه‌ی (الأنباء)ی كویتی ئه‌نجامی داوه ، لاوێك له‌وانه‌ی كه‌ تووشبوه‌ به‌ به‌لآی جگه‌ره‌ كێشانه‌وه‌ ده‌ڵێت : به‌ڕاستی من باوك و دایكم به‌ به‌ر پرسیاری یه‌كه‌م ده‌زانم ، چونكه‌ ڕۆژێ له‌ ڕۆژان باوكم لێی نه‌پرسیوم كه‌ بۆ كوێ ده‌چم و له‌ گه‌ڵ كێ هه‌ڵسوكه‌وت ده‌كه‌م.

**وه‌ هه‌روه‌ها یه‌كێك له‌و گه‌نجانه‌ی كه‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ (دار الملاحظة ) له‌ ( ریاض) باوكی خۆی تاوان بار ده‌كات و ده‌ڵێت : باوكم گوێ به‌وه‌ نادات كه‌ من فه‌رز و وئه‌ركه‌ دینیه‌كان ئه‌نجام ده‌ده‌م یان نه‌ ، وه‌ك (نوێژو و ڕۆژوو ، و ئه‌مر كردن به‌چاكه‌ و نه‌هیكردن له‌ خراپه‌ ...) وه‌ ئه‌گه‌ر باوكم منی به‌ شێوه‌یه‌كی ئیسلامیانه‌ و پاك په‌روه‌رده‌ بكردایه‌ ئه‌وا ئه‌و په‌روه‌رده‌یه‌ بۆ من ئه‌بوو به‌ قه‌ڵغانێك به‌رامبه‌ر به‌ شه‌یتان و فرو فێڵه‌كانی ... هه‌ر بۆیه‌ من لایه‌نی دینیم لاواز بووه‌ و تووشی له‌ ڕێ لادان هاتبووم ، جارێكی تریش گه‌ڕامه‌وه‌ بۆ ئه‌م خانه‌یه‌.**

## براكانم, با ئێستاش چه‌ند پێشنیارێكتان ئاراسته‌ بكه‌م:

١ / ڕێكه‌وتین له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ (ئیمان) وه‌ك قه‌لآ و پارێزه‌رێك وایه‌ له‌ تاوان ، بۆیه‌ ـ خوای په‌روه‌ردگار من و ئێوه‌ش سه‌ركه‌وتوو بكات ـ سووربن

لە سەر ئەوەی کە لە دڵی ڕۆڵەکانتاندا بیڕوێنن و پەروەردەیان بکەن لە سەر خۆشەویستی خوای گەورە و پێغەمبەرە ئازیزەکەی ﷺ .

٢ / ڕێکەوتین لە سەر داخستنی ئەو دەرگایانەی کە سەر دەکێشن بۆ تاوان , بۆیە ـ خوای پەروەردگار بتپارێزێت ـ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدە دەربارەی ئامێرەکانی کەناڵە تەلەفزیونیە خراپ و گۆڤارە ڕەوشت ڕووخێنەر و ئارەزوو وروژێنەرەکان.

٣ / بە ڕاستی ـ جێی داخە ـ ئەو شتەی کە گەنج حەزی لێ دەکات و تینویەتی لە لای هاوڕێ خراپەکانی دەستی دەکەوێت وەك پێکەنین و ڕوو خۆشی و گاڵتە و گەپ . ئەی باشە تۆ بۆچی هەوڵ نادەی کەش و هەوای ماڵەوە بگۆڕی بۆ پەیوەندیەکی برادەریانە نەك بیکەی بە سەربازیانە و بەشێك لەو بزە و پێکەنینەت کە پێشوازی هاوڕێکانتی پێ دەکەی بگوێزیتەوە بۆ ماڵەوە و هەندێ لە گاڵتە و گەپەکانیشت بگوێزیتەوە بۆ جگەر گۆشەکانت.

٤ / باوکی بەڕیز .. مامۆستا و دایکی بەسۆز : ئایە پێتان وایە کە ڕۆڵەکانتان کاتێك بە دەست گرفتێکەوە بناڵێنن , دین بۆ لاتان و باسی گرفتەکانیان دەکەن ؟ ئەی باشە ئێوە بۆ هەوڵی لابردنی ئەو پەردەیەی

نێوانتان نادەن کە بووەتە ڕێگر و فێری ڕۆڵەکانتان ناکەن کە کراوە بن لە خستنە ڕووی گرفتەکانیان لە گەڵتاندا .

٥ / ووریا بە لە سادەیی و خۆشباوەڕییەکی کوێرانە , ببورە من نالێم گومانی خراپ ببە بە کوڕەکەت , بەڵام پێویستە ئەوە بزانی کە تۆ دوایین کەسی کە کوڕەکەت دەیەوێ پێی بزانیت لە تووش بوونی بە گرفتێکەوە, بۆیە خراپەکانت لێ دەشارێتەوە و شتێکت پیشان دەدات کە لە ڕاستیدا وا نیە .

٦ / لە وانەیە ئەوەت لە بیر نەچووبێتەوە کە ئێمە ئامۆژگاری رۆڵەکەتمان کرد بە هاوڕێ چاك ، بۆیە تۆ یارمەتی دەری بە لەو کارەی و کار ئاسانی بۆ بکە لە دۆزینەوەی هاوڕێ چاك ، وە ئەوەش بزانە کە ئەگەر ڕۆڵەکەت هاوڕێ ی چاکی نەبوو ئەوا بێ گومان هاوڕێیەتی کەسی خراپ دەکات , بۆیە کامیان بە باش دەزانی ئەوە هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵەکەت .

٧ / ئەگەر جارێکیش بۆت دەرکەوت کە کوڕەکەت تووشی هەڵەیەك بووە , ئەوا وریابە لە پەلەکردن و زوو هەڵچونت , چونکە سەرەڕای ترسناکی ئەو کارە , بەڵام پێویستی بە چارەسەرێکی ژیرانە و دارێژراو هەیە پێش ئەوەی بە یەکجاری ڕۆڵەکەت لە دەست بدەی , وە پێشت وانەبێ کە قسەی ناشرین

و لێدان ، گرفتی چەنای چەند ساڵ بێباکیت بۆ چارەسەر دەکات ، لەوانەشە باشترین کەسیك کە یارمەتیت بدات ماmۆستایەك بێت کە جێی ڕێزی ڕۆڵەکەت بێت یان پێشنوێژی مزگەوتێك یان کەسانی هاوشێوەی ئەمانە ، وە هیچی تێدا نیە کە باسی گرفتەکەیان بۆ بکەی بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن .

٨ / وە ئەگەر کوڕەکەت یان کچەکەت پێگەیشت و کاتی خۆی هاتە پێشەوە ، چی دەبێتە ڕێگر لەوەی کە ئامۆژگاریەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێ جێبەجێ نەکەیت کە فەرموویەتی :( ئەی کوڕانی گەنج هەر کام لە ئێوە توانای هەبوو با ژن بهێنێت ).

## باوکانی بەڕێز , مامۆستایانی دڵسۆز , دایکانی بە سۆز :

بە ئەرك نەبێ جارێکی تر ئەم پێشنیارانە بخوێننەوە و لێی تێبگەن و بیری لێ بکەنەوە , خوای گەورە یارمەتی من و ئێوەش بدات بۆ پاراستنی ئەو ئەمانەتەی کە دراوە بەسەرماندا .

**باوکان و لاوانی بەڕێزم** ئەمە ئەوە بوو کە پێم خۆش بوو بیخەمە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست , هەرچەندە بەرهەمێکی کەمە ، بەلاّم بە پێویستی دەزانم لە سەر خۆم بەرامبەر بە ئێوەی بەڕێز ، بە هیوای ئەوەی

کە شتێکی سوود بەخشم پێشکەش کردبێتن ، داواکاریشم ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ لە دوعای چاکەی خۆتان بێ بەشم مەکەن.

**محمد بن عبدالله الدويش**

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ